بایکۆت بەتەنها ناتوانێت هیچ بگۆڕێت. لە بایکۆت واوەتر گرتنە بەری ئەلگۆی تری خەباتە. لەپێش هەموویانەوە شکستدان و داڕوخاندنیەتی بەسەر دەسەڵاتدا، ریسواکردنی کۆبونەوەو میتینگە جەماوەرییەکانیان. هوهاکێشان لە کاندیداکان و تەماشکردنیان وەکو رەفیق حزبیەکانی سەردەمی بەعس و چڵکاوخۆرەکانی...

# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


ساڵی پێنجەم ژمارە(107) بەرواری 1-10-2021 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## پارتی لە هەولێر داڵدەی تۆمەتبارانی کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستان، دەدات

٢٢ی ئەیلول کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە دانپیانێکی ڤدیۆییدا و لەچوارچێوەی کەمپەینی هەڵبژاردنەکاندا، وتی" ئەو بەرپرسە بەعسیانەی پێشتر کوردیان کیمیاباران و ئەنفال دەکرد ئێستا لە هەولێرن و پەشیمانن"!!



ئەو بەرپرسە بەعسیانەی پێشتر کوردیان کیمیاباران و ئەنفال دەکرد ئێستا لە هەولێرن و پەشیمانن"!!

دوای چەند ڕۆژێک ناوبراو لەهەوڵێکیدا ویستی ئەو لێداون و دانپیانانەی ڕاست بکاتەوە، و بڵێت کە بەم جۆرە نەبووەو لێکدانەوەی هەڵە بۆ وتەکانی کراوە، بەڵام پێشتر هێندە ڕۆشن دانپیانانەکەی ڕاگەیاندبوو، کە

بۆ لاپەڕە 3

## هەڕەشەو هێرشەکان بۆسەر ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی زیاتر دەبن

لێدوانی پەیتا پەیتای بەرپرسە سیاسی و سەربازییەکانی ئێران بۆ هێرش بۆسەر بنکەو بارەگاکانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و تەنانەت بۆ سەر هەریمی کوردستان، زیاد دەکەن.



لەدواین لێدوانیدا باڵیۆزی ئێران لە بەغدا لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی فەرمی عێراقیە، هەڕەشەی هێزی زەمینی بۆسەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەکات، و هاوکات هەرێمی کوردستان بەبەرپرسیار دەزانێت لە سنور دانان بۆ جموجۆڵی هێزەکانی دژ بەری ئێران.

ئەم هەڕەشانەی بەرپرسانی ئێران لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران تازە نییەو هاوکاتیش زۆر کەمتر

بۆ لاپەڕە 3

## لەچوارەمین ساڵیادی ریفراندۆمدا....ل4

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* چالاکانی مەدەنی سەردەشت کۆماری ئیسلامیان بەچۆکدا هێنا...ل4
* هێزی بایکۆتی هەڵبژاردن بابکەینە هیزی راماڵینی دەسەڵاتی .....ل6
* تاڵیبان و قاعیدە و برایانی موسوڵمان و حزب الله یەك..............10-11






### لە پەیوەند بە هەڵبژاردنی پێش وەختەی عێراق هەریەك لە بەڕێزان د. خامۆش عومەر و عەلی محەمەد وەڵام بە پرسیارەکانی دۆسیەی ئەم ژمارەیە دەدەنەوە...ل12-13

د. خامۆش عومەر

عەلی محەمەد

## وتەی ژمارە

# لە بایکۆت واوەتر

**عەبدوڵا مەحمود**

دەڵێن هەڵبژاردن هیچ ناگۆڕێت. دەڵێن هەزار هەڵبژاردنیش بکرێت، حزبە دەسەڵاتدارەکان دەستبەرداری دەسەڵات نابن. دەڵێن خەڵک بچێت بۆ دەنگدان و دەنگ نەدان پێشتر دەسەڵات بۆ حزبە چەکدارەکان براوەتەوە. دەڵێن بایکۆتیش دەوری نییەو هیچ لە وەزعەکە ناگۆڕێت... بێگومان ئەمانە هەموو راستن و مەبنای بەشداری نەکردنی خەڵکیش لە هەڵبژاردنەکاندا پێکدەهێنن. بەجیا لەوانەش بەشی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان بەتایبەتی چینی کریکار و توێژە بێبەش و کەم دەرامەتەکان، هیچ متمانەیەکیان بە حزبەکانی دەسەڵات نەماوە. لە ٣٠ ساڵی رابردودا، نەک هەر چوار ساڵیک کۆمەڵگەیان بەرەوە دواوە بردووە، بەڵکو ساڵ بەساڵ و مانگ بەمانگ خەڵک ئاخ بۆ پێشتر دەخوازن. بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی کارنامەیەکیان تۆمار کردووە، کە وێنەی لە دنیادا، لە بێمافی و سەرکوت، لە دزی و تاڵانی و نۆکەرپیشەییدا نییە.



هێزە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکانیش لەپێش هەموویانەوە بزوتنەوەی گۆران، کە بەبانگەشەی گەورەو بە کاراکتەری نەوشیروان مستەفای باوکی هەژاران!! ە هاتە مەیدان، بە ملیۆنێری کۆتایی بە ژیانی هێناو سەروەتە سەدان ملیۆن دۆلاریەکەی کردە وەسیەت بۆ کوڕەکانی، و بەمەش تەوریسی سیاسی تۆختر کرد. جوڵانەوەی نەوەی نوێ کە لەسەر پایەی بازرگانی و کۆمپانیاسازی، هاتە نێو دنیای سیاسەت و ویستی گۆڕینی کۆمپانیاکانی بۆ حزبی سیاسی کردۆتە بژاردەو بانگەشەی حزبی سیاسی و تەماحی دەستگیر بوون لەدەسەڵاتی هەیە، ناتوانێت لە بزوتنەوەی گۆڕان واوەتر بڕوات و فریوی جەماوەر بدات. بزوتنەوەی گۆڕان گورزێکی هێندە کاریگەری لە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی وەشاند، کە پشت راستکردنەوەی ئاسان نییە. ریکخراو گروپە ئیسلامیەکانیش لە کوردستاندا هیچ شانسێکیان بۆ پایە داکوتان و گرتنە دەستی دەسەڵات نییەو بە بنەما و پایەکانی کۆمەڵگەی کوردستان نامۆن.

بەکورتی هۆکاری بەشداری نەکردنی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ بێمتمانەیی جەماوەری کوردستان، بەدەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن و کارنامەی رەشیان دەگەڕێتەوە، کە رۆژ لەدوای رۆژ خەڵکی بێبەشی کوردستان روبەرووی گرانی، بێکاری، برسیتی، هەژاری بێ

بۆ لاپەڕە 2


گۆشەی پرسی رۆژ...؟...ل5 | پرسی ژن ل 7 | گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8-9

## درێژەی... وتەی ژمارە

خزمەتگوزاری و دەکەن و سەرکوت و هەوسارپچڕاویان بەرامبەر بە دەنگە نارازییەکان زیاد دەکات. ئەم کارنامە رەشە بۆتە هۆی پچرانی پەیوەندی جەماوەر بەدەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی و هاوکاتیش سەرچاوەی نارەزایەتی جەماوەری، بەڵام ئەمە کافی نییە...

هێشتا خەڵکی کوردستان دژی پرانسیپی هەڵبژاردن نین و رەتی ناکەنەوە، بەڵکو بۆیە دژی هەڵبژاردنن کە حزبەکانیان ناوێت و تورەن لە کارنامەیان... خۆ ئەگەر خەڵک بەهەمان ئەندازەی دژی حزبە سیاسییە بۆرژوازییە دەسەڵاتدار و کارنامەکەیانن، دژی هەڵبژاردن و دیموکراسی پەرلەمانی بوونایە، دەیتوانی جگە لە حزبەکان خودی ئەم ئەلگۆیەی هەڵبژاردنیش تێپەڕێنێت. کە دەمێکە بە تەجروبە دەرکەتووە کە دیموکراسی پەرلەمانی و هەڵبژاردنەکانی ناتوانن ئاڵوگۆری بەرجەستە پێکبهێنن و ماف و ئازادی و خواستەکانی جەماوەری مەیسەر بکەن. لەناو جەرگەو دڵی وڵاتانی لانکەی دیموکراسیدا هەڵبژاردنەکان هیچ نین جگە لە گۆرانی دەم و چاوەکان و جێگۆرکێی حزبەکان. هەڵبژاردنەکان دەست بۆ پایەی چینایەتی و سیستەمی سیاسی و ئابوری نابات و ئامرازو ئۆرگانە خاوەن بریارەکان لەدەرەوەی بازنەی هەڵبژاردنەکانن، وەکو سوپا، دەزگا ئەمنی و هەواڵگریەکان، پۆلیس، پاشاو شاژن و سەرۆکەکان... کە ئەمانە هەم بریار لە هەڵبژاردنەکان دەدەن و هەمیش ڕیگە نادەن هەڵبژاردن ببێتە ڕیگایەک بۆ هیچ ئاڵوگۆرێکی بەرجەستە. خودی هەڵبژاردن نەک ڕێگایەک بۆ ئاڵوگۆر، بەڵکو وەسیلەی بەرگرتن بە ئاڵوگۆر و پایەکانی ستەم و چەوساندنەوە نابەرابەری چینایەتییە. وەکو دەڵێن، ئەگەر هەڵبژاردن توانای ئاڵوگۆڕی هەبوایە دەمێک بوو، بۆرژوازی مەمنوعی دەکرد. پەرلەمان لە هەرجیگایەکی دنیا ببێتە هەرەشە بۆ سەر دەسەڵات، یان بکەوێتە ناکۆکیەوە لەگەڵ دەسەڵات و پایەی چینایەتی بۆرژوازی، بەخێرایی تەجمید دەکرێت و دەرگاکەی دادەخرێت یانیش ڕێگای هەڵبژاردنی پێش وەختەی بۆ دەخەنە روو... هەموو هەڵبژاردن و خولێکی هەڵبژاردنەکان، بۆرژوازی و دەسەڵات بریاری لێدەدەن، هیچ وەخت جەماوەری لەخوارەوە مافی بریاردان لە هەڵبژاردن و هەڵوەشاندنەوەیان نەبووە و نییە، مەگەر بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بووبێت بەهەرەشە بۆسەر دەسەڵات، ئەو کاتە دەسەڵات بۆ خاوکردنەوەی تورەیی جەماوەری و پاریزگاری لەدەسەڵاتی سەرمایەو سەرمایەداری، دوبارە هەڵبژاردنی نائاسایی یان پیش وەختەی وەکو هەتوان بۆ دەردی دەسەڵات، بەدەستەوە گرتووە.

ئەگەر ئەمە واقعیەتی ئەزموونی هەڵبژاردنەکان لە دنیای دیموکراسی بۆرژوازیدا بێت، ئەوا بۆ وڵاتێکی وەکو عێراق و دەسەڵاتی سیاسی کوردستان، کە دەسەڵاتیان بە زۆری چەک داسەپاندووە و خاوەنی هیزی چەکداری حزبین، هەڵبژاردن لە بنەرەتدا گاڵتەجارییە و گۆڕانی روکەشیشی لێ چاوەڕوان ناکرێت.

هەر ئەوەشە وای کردووە خەڵک بڵێن بایکۆت بکەین یان دەنگ بدەین هیچ ناگۆڕێت... دیارە هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە ئەگەر خەڵک بەشداری هەڵبژاردن نەکات و نەچێت بۆ دەنگدان، ئەوە بوار دەدات بەدەسەڵات کە دەنگەکانیان بۆخۆی ببات. بۆیە لەناو دڵی نارەزایەتی جەماوەریدا بە دژی دەسەڵات و هاوکاتیش بەدژی هەڵبژاردن، دەیانەوێت ئابڕو بۆ هەڵبژاردنەکان بگێرنەوەو هانی خەڵکی دەدەن بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن. لە کاتێکدا باش دەزانن هەڵبژاردن هیچ لە پێگەی دەسەڵاتی حزبەکانی فەرمانڕەوا ناگۆڕێت، بەڵام بەوێنەی رەوت گەلی بۆرژوازی بەرگری لە هەڵبژاردنەکان دەکەن، تا جەماوەری ناڕازی لە گرتنە بەری تێپەراندنی بایکۆت و پرانسیپی هەڵبژاردن، دوور بخەنەوەو ڕیگای خستنەرووی ئەلگۆ تر وەکو بەدیلی هەڵبژاردنەکان، بگرن... بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکان و گرتنە بەری بایکۆت، شکست هێنان بە هەڵبژاردن، دەتوانێت ڕێگایەک بێت بۆ بەشکست کێشانی شەرعیەتی دەسەڵات و ئەو چەکەی بەدەستیەوەیەتی، هاوکات دەتوانێت ڕێگایەک بێت بۆ بێدارکردنەوەی دەسەڵات لە نارەزایەتی جەماوەری... بەڵام ئەمە لەعیراق و کوردستاندا کە دەسەڵات نابیستێت و لەڕیگای سندوقەکان و هەڵبژاردنەوە دەستی لەدەسەڵات و داهاتی کۆمەڵگە گیر نەکردووە، بەشوێنێک ناگات.

بایکۆت بەوێنەی درێژەی بزوتنەوەی نارەزایەتی بەدژی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کورد سەرەتایەکی بچوکە بۆ هەنگاوی گەورەتر. بایکۆت بەتەنها ناتوانێت هیچ بگۆڕێت، لە بایکۆت واوەتر گرتنە بەری ئەلگۆی تری خەباتە، لەپیش هەمویانەوە شکستدان و داڕوخاندنی بەسەر دەسەڵاتدا، ریسواکردنی کۆبونەوەو میتینگە جەماوەرییەکانیان، هوها کیشان لە کاندیداکان و تەماشکردنیان وەکو رەفیق حزبیەکانی سەردەمی بەعس و چلکاوخۆرەکانی، وەریخستنی کۆبونەوەی دژ بە کۆبونەوەی بانگەشەکانی هەڵبژاردن و خستە رووی کارنامەی دەیان ساڵەیان تادەگات بە خستنە رووی بەدیلی هەڵبژاردنی بۆرژوازی...

هەڵبژاردن وەکو ئەلگۆی دەسەڵاتی بۆرژوازی نوینەرایەتی ناراستەوخۆیە کە لە سیستەمی هەڵبژاردنی دیموکراسی پەرلەمانیدا پەیرەو دەکرێت، کاندیداکان بۆ چوار ساڵ، گوایە نوێنەرایەتی دەنگدەران و جەماوەر دەکەن، بێ ئەوەی هیچ رۆڵیک بۆ هاولاتیان و دەنگدەر لە سیستەمی سیاسی و ئیدارییدا بهێڵنەوە... یان بۆ پرسە چارەنووسازەکان بگەڕێنەوە و پرس و رایان وەربگرن، ئەمەش ناوەرۆکی هەڵبژاردن و رۆڵی جەماوەر لە دەسەڵات و بەڕێوەبردن و بریارداندا دەکات بە سفر و ئەمەش بەسە بۆ نیشاندانی ناوەرۆکی واقعی دیموکراسی بۆرژوازی...

چۆن بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بەبێ ڕێکخراوبوون بەشوێنی شیاوی خۆی ناگات، ئاواش بایکۆت و دەنگ نەدان بەبێ خستنەرووی بەدیل بۆ هەڵبژاردنی بۆرژوازی بەشوێنک ناگات و ناتوانێت جێ گۆرکێی دەسەڵات بەدوای خۆیدا بهێنێت...

بایکۆت بکەو هەنگاوی دیاریکراو بۆ ریسواکردنی بگرە بەر، ئەلگۆی دەسەڵاتدارێتی تر وەڕیبخە... ئەگەر بۆرژوازی نەریتی دیموکراسی پەرلەمانی و نوێنەرایەتی ناراستەخۆی هەیە، ئەوا چینی کرێکارو بێبەشانی کۆمەڵگە، نەریتی شورایی و کۆمۆنەیان هەیە، کە لەجێگای نوێنەرایەتی ناراستەوخۆ، نوینەرایەتی راستەوخۆیە، ئازادانەیە، لە ئاستی محەلیەوە بۆ ئاستی سەراسەییە، چوار ساڵ جارێک نییە، بەڵکو بەردەوامەو لەژێر چاودێریدایەو هەرکاتێک نوێنەرەکان لە ئاستی پیویستدا نەبوون لە کۆبونەوەی گشتی وهەڵبژاردنی دواترا وەلادەنرێن... هەروەها ئەگەر لە سیستەمی دیموکراسی بۆرژوازییدا بڕیارەکان لە جێگایەک دەردەچن جێ بەجیکردنیان لەشوێنیکی ترە، واتە پەرلەمان یاسا دەردەکات و حکومەت جیبەجێی دەکات... ئەوا لە نەریتی بزوتنەوەی کرێکاریی و شوراییدا، پەسەندکردنی بڕیار و جێ بەجێکردنی یەک سەرچاوەی هەیە، شوراکان هەم یاسادانەر و هەم بەڕێوەبەر و جێبەجیکردنیانی لە ئەستۆیە. بۆ ئەوەی چینی کریکار و بێبەشانی کۆمەڵگە لەبەڵاو گرفتی هەڵبژاردنی لەسەرەوە و ناراستەخۆ ڕزگاریان ببێت، حکومەت و پەرلەمان وەکو دوو گرفتی کۆمەڵگەو سەرچاوەیەک بۆ دزی و تالانی، کۆتاییان پی بێت... پیویستە بزوتنەوەی نارەزایەتی کریکاریی و جەماوەری بە رۆڵی کارا و ڕێکخەری کۆمۆنیزمی ریکخراو و دەخالەتگەر، دەست بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی لەخوارەوەی جەماوەری لە ئاستی محەلی و سەراسەری ببات... ئەمە زامنی دەخالەت و رۆڵبینینی بەردەوام و ئازادانەی جەماوەری دەکات.

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەی تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

* هیچ بابەتێك بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...

* بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی و رێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت... هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...

**چۆن بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بەبێ ڕێکخراوبوون بەشوێنی شیاوی خۆی ناگات، ئاواش بایکۆت و دەنگ نەدان بەبێ خستنەرووی بەدیل بۆ هەڵبژاردنی بۆرژوازی بەشوێنك ناگات و ناتوانێت جێ گۆرکێی دەسەڵات بەدوای خۆیدا بهێنێت....**

# پارتی لە هەولێر داڵدەی تۆمەتبارانی کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستان، دەدات

کەس باوەری بە لێدوانی دووەمی نەکرد و نەیتوانی کەس، بەلاڕیدا بەرێت. پارتیش کە کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسییەتی هیچ رونکردنەوەیەکی نەداوەو رەتی نەکردۆتەوە، کەواتە ئەو دانپیانانەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی، نەک هەر راستە، بەڵکو دانپیانانی پارتیشە.

دیارە ئەوە یەکەمین جار نییە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەتایبەتیش پارتی و یەکێتی، داڵدەی تۆمەتباران و جەلادەکانی خەڵکی کوردستان دەدەن... نزار خەزرەجی و تاریق رەمەزان، وەفیق سامەرایی و دەیانی تر یان پارێزراون و رەوانەی دەرەوەی وڵات کراون یانیش کراون بە راوێژکار و جێگا متمانەی پیاوە زەبەلاحەکانی حزبی دەسەڵات.

ئەم رەفتارەی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، راستیەک نیشانی رای گشتی خەڵکی کوردستان و هەموو بەرەی ئازادیخواز دەدات، ئەویش ئەوەیە کە سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی هیچ کیشەیەکی سەرەکیان لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکەرو درندەکان و سەرانی جەلادیان نییە، بەڵکو هاوکار و هاوپیشەیەیانن. هاوکاتیش هەردوو لایان دۆژمنی سەرسەختی خەڵکی کوردستان و ویست وخواستە رەواو ئازادیخوازیەکانیانن.

ئەگەر سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی بایی سەرە دەرزیەک سۆز و هەستی ئینساندۆستیان هەبوایە بۆ کەسوکار و قوربانیانی کیمیاباران و ئەنفال، وە بایی سەرەدەرزییەک بڕوایان بە یاساو لێپرسینەوە لە تۆمەتباران ببوایە، سادەترین کارێک ئەوە بوو خۆیان بەدوای تۆمەتباراندا بگەڕین و هەوڵی دەستگیر کردنیان بدەن و رادەستی دادگایان بکەن. ئەوانەشی رایان کردووە لە رێگای پۆلیسی نیودەوڵەتیەوە دەستگیر کرابان و رادەستی دادگای نێو دەوڵەتی کرابان. دۆسیەی ئەم تۆمەتبارانە دۆسیەی سادەو تاوانی ئاسایی نین، بەڵکو دۆسیەی کۆمەڵکوژی و تاوانی نێودەوڵەتین، کە پیویستی دەکرد دەیان دەزگا و ناوەندی لیکۆڵینەوە و بەدواداچوون، کاریان لەسەر کردبا تا راستی تەواوی ئەو روداوانەو بەشدارانی تا بریاردەرانی بە تەواوەتی ئاشکرا دەبوون. یەکێک لەو هۆکارانەی کەسەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی ئەم سەرە جەلادانەی پیشووی بەعس دەپاریزن، ئەوەیە کە بەشیک لە سەرە گەورەکانی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و بەرپرسەکانیان، خۆیان هاوکار و هۆکاری ئەم تاوانە دژە ئینسانیانەن، کە لەدژی ئازادیخوازی و خەڵکی کوردستان ئەنجام دراون.

شاردنەوە و دیزە بەدەرخۆنەکردنی دەیان تاوان و پارێزبەندی لە تۆمەتبارانی، دوژمنایەتی لە چارەنەهاتووی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردیەتی و سەرانیان بەدژی خەڵکی کوردستان بەیان دەکات.

کاکەمین نەجار و سەرجەم بەرپرسە سیاسیەکانی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، کە گەواهیدەری راسیتەکانی کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستانن، پیویستە لە رێگای داواکاری گشتییەوە بانگهێشتی لیکۆڵینەوە بکرێن و نەهێڵرێت ئەم هەموو تاوانانەی دەرحەق بە ئازادیخوازان و خەڵکی کوردستان کراون، ون بکرین و تۆمەتبارانیان بێ سزای یاسایی بۆی دەربچن.... پارێزگاریش لەو تۆمەتبارانە، تاوانێکی لێخۆشبوون هەڵنەگرەو خەڵکی کورستان لە پرۆسیسی راماڵینی دەسەڵاتدا دەبێ لەبەرچاوی بگرن.

حزبەکانی تری بۆرژوازی دەرەوەی دەسەڵات، بە بێدەنگەکردنیان لەم تاوانکارییە ئاشکرایانە و لەبەرامبەر پاراستنی تۆمەتباران و لێدوانی کاکەمین نەجار و دانپیانانەکانی، نیشانی دەدەن کە ئەوانیش لە پێناو بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ حزبەکانی دەسەڵاتدا، پشتیوانی لەم تاوانکاریانە دەکەن...

ماوەتەوە بڵێین کاکەمەین نەجار و هیچ حزبێکی سیاسی ناتوانێت لیبوردن بۆئەم تۆمەتبارانە دەربکەن، ئەوان وەکو حزب و بزوتنەوەیەک هەرچی بکەن و بریار بدەن، رەوایەتی نییەو کەسوکاری قوربانیانی تاوانەکانی جینۆساید و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان سورن لەسەر سپاردنی تۆمەتباران بەدادگا...

ئەوەش کە سەرانی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و کاکەمین نەجار و پارتی تۆمەتبارانی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان دەپارێزن و داڵدەیان دەدەن و هەڵسوڕاوان و چالاکوان و رۆژنامەنوسان و رابەرانی بزوتنەوە نارەزایەتیەکانیش لەسەر داوای موچەو خزمەتگوزارییەکان دەخەنە زیندانەوەو بەساڵ رایان دەگرن بێ دادگایی... ماهیەتی دژە ئازادی و ئەو هێزانەو نۆکەرپیشەییان بۆ جەلادەکان و رژێمەکانیان، نیشان دەدەنەوە.

# هەڕەشەو هێرشەکان بۆسەر ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی زیاتر دەبن

پەیوەندی بەهێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی هەیە، بەڵکو راستەوخۆ هەڕەشەیە لە خەڵکی هەرێمی کوردستان و قەوارەکەی.

هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەشێوەی گشتی، جموجۆڵی سەربازیان نییەو لە ماوەی ٣٠ساڵی رابردوودا، بە دەگمەن روویداوە چالاکیەکی سەربازی کرابێت... ئەم چالاکییە دەگمەنانەش زۆرتر لەلایەن ئەو هێزانە ئەنجامدراون، کە کێشەی سەرەکیان لەگەڵ دەسەڵاتی ئاخوندەکان نییەو زۆرتر بەدوای ئەوەوەن کە ئاخوندەکان دەرگای گفتوگۆییان بۆ بکەنەوەو سوچێکی دەسەڵاتیان پێبدەن. بەجیا لەوانەش ئەم چالاکییە سەربازیانە، لە هەلومەرجی ئێراندا لە بنەرەتدا بەزیانی بزوتنەوەی کرێکاریی و نارەزایەتی جەماوەری لەشارەکاندا دەشکێتەوە و بە سودی کۆماری ئیسلامی تەواو دەبێت.

جمهوری ئیسلامی ترسی لە بزوتنەوەیی کرێکاریی و جەماوەری و سیاسی لە ناوەندە کرێکارییەکان و شارەکان هەیە، کە رۆژ بەرۆژ زیاتر پەرەدەسەنن و فراوانتر و دەبنەوەو بە ئاقاری رێکخراوبوونی هوشیارانەدا هەنگاو دەنێن... هاوکات جمهوری ئیسلامی کێشەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە و لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا هەریەکەیان دەیەوێت رۆڵ و پێگەی خۆی لە کوردستان و هەریمدا زیاتر بکات، بەتایبەتیش کە پرسی چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا، لە ئارادایە.

دەسەڵاتی هەرێم، گوشارەکانی لەسەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، هێندە کاریگەرە کەنەک ڕێگای جموجۆڵی بەرجەستە بە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی نادات، بەڵکو هاوکاری هیزەکانی ئیران و دەزگاو باندەکانیان دەکەن بۆ سەر هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، بۆیە ئیران کیشەی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی هەرێم نییە، بەڵکو کیشەی لەگەڵ پرسی سیاسی خەڵکی کوردستانە و هەوڵدەدەن ئەو قەوارەیەی بۆتە ئەمری واقع، لاوازو سەرئەنجامیش ئەگەر بۆیان بکرێت لە بەینی ببەن.

هەروەها ئیران خوازیارە کە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، بەتەواوەتی بەرووی ئیران و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەودا وەرچەرخێ و پشت بکاتە ئەمریکا و غەرب. بەتایبەتی لە ئێستادا کە ئەمریکا و ئیران لە گفتوگۆ و سازاندان لەگەڵ یەکتری پرسی هەریمی کوردستانیش وەکو کارتێک لەلایەن هەردوو لایانەوە، بەدەستەوە دەگیرێت. ئیران دەیەوێت لەگەڵ ئەوەدا کە ئەمریکا ناچارە هیزە سەربازییەکانی لە عێراق و کوردستان بکێشێتەوە، خوازیارە حزوری سیاسی و هەوڵگری ئەمریکاش کەم بکاتەوە و گۆرەپانی سیاسی کوردستان بە پلەی یەکەم بۆخۆی ساغ بکاتەوە، لەوەش زیاتر لەبەرامبەر بە لەشکرکێشی و روڵی تورکیادا، دەیەوێت دوای کشانەوەی ئەمریکا رۆڵی یەکلاکەرەوە بگێڕیت.

لەهەموو حاڵەتێکدا، ئیران دەیەوێت بە پاساوی جموجۆڵی سەربازی هیزەکانی دژبەری ئیران، حزوری سیاسی و تەنانەت سەربازی خۆی لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر بکات و لەو چوارچێوەیەشدا ئەوەی لەتواناییدا بیت لە هیرشی هەوایی و بۆمباباران و تیرۆری کادر و هەڵسوراوان تا دەگاتە هیرشی سەربازی، دەست پاریزی ناکات، بەڵام ئامانج تەنها هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن نییە، بەڵکە بەدوای ئامانجی ترەوەیە کە پەرەدانە بە حزوری سیاسی زۆرتری خۆی لەدوای رۆشتنی ئەمریکاو هاوکاتیش لاوازکردنی هەریمی کوردستان و ئەو قەوارە سیاسییە کە هەیە...

خەڵکی ئازادیخوازی کورستان و جەماوەری نارازی لەدەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی، چۆن لەخەباتی بەردەوامدان بۆ راماڵینی دەسەڵاتی حزبە تالانچیی و مافیایەکانی هەرێم، ئاواش ئەرکیانە هەم پاریزگاری لە هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بکەن و هاوکاتیش دەبێ پلان و نەخشەکانی جمهوری ئیسلامی لەڕیگای خۆپیشاندان و نارەزایەتی جەماوەرییەوە، لەناوخۆی کوردستان و دەرەوەی کوردستان بەشکست بکێشن، لەو راستایەشدا پشتیوانی بزوتنەوەی کریکاریی و جەماوەری لە بزوتنەوە کریکاریی و جەماوەری لە ئێراندا بە ئاقاری سەرکەوتندا، رۆڵی کاریگەر دەگێڕێت، لە شکست پێهێنانی پلان و نەخشەکانی دەسەڵاتی ئاخوندەکاندا لە هەرێمدا.

**کاکەمەین نەجار و هیچ حزبێکی سیاسی ناتوانێت لێبوردن بۆئەم تۆمەتبارانە دەربکەن، ئەوان وەکو حزب و بزوتنەوەیەك هەرچی بکەن و بریار بدەن، رەوایەتی نییەو کەسوکاری قوربانیانی تاوانەکانی جینۆساید و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان سورن لەسەر سپاردنی تۆمەتباران بەدادگا...**

# لە چوارەمینساڵیادی ریفراندۆمدا

**عەبدوڵا مەحمود**

٢٥ سیبتەمبەر چوار ساڵ بەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆمدا تێپەڕی. ریفراندۆێک کە زوربەی زۆری خەڵکی کوردستان بە گەرم و گوڕییەوە بەشداریان تیاکرد. خەڵکی کوردستان بۆیە لەم ریفراندۆمەدا بەحەماسەوە بەشداریان کرد، چونکە خوازیاری جیابوونەوەی کوردستان و تامەزرۆی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان بوون و نەیاندەوست لەچوارچێوەی عیراق و ئەو دەوڵەتانەدا بمێنەوە کە خاوەنی پرانسیبی مافی هاوڵاتی یەکسان نییەو و هەمیشە لەسەر بنەمای روانینی کەمتر بۆ هاوڵاتیانی تر دامەزراوە.

لەگەڵ ئەوەدا کە ژمارەیەک دەنگی "نا" و "نەخێر" لەلایەن هەندێک حزب و هێزی سیاسی لە ململانێیەکی سیاسی ناوخۆییدا بەرزبوونەوە بەرووی ئەنجامدانی ریفراندۆمدا، بەڵام ئەمە نەیتوانی ببێتە هۆکارێک بۆ ساردکردنەوەی خەڵکی کوردستان بۆ بەشداری لە ریفراندۆمدا.

پاساوەکانی رەوت و ڕەهەندی دژە ریفراندۆم، بریتی بوون لەوەی کە ریفراندۆم کاتی نییە و پشتیوانی وڵاتانی لەگەڵ نییە، ئابوری و ژێرخانی ئابوری بەهێز نییە، هێزی نیشتیمانی سەربەخۆمان نییە، ناوماڵی کورد!! یەکریز نییە. لە کاتێکدا هیچ کام لەو پاساو و بیانوانە، لەهیچ جێگاو گۆشەیەکی دنیادا نەبوونەتە مەبنای دەوڵەتسازی و ئەنجامدانی ریفراندۆم. هیچ کام لەوانە پیش مەرج بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی نین. بە پێچەوانەوە، هەرکام لەوانەو زامن بوونیان بەندە بەبوونی دەوڵەت و سەربەخۆیی سیاسی و حقوقیەوە. دیارە هەلومەرجی سیاسی کوردستان زۆر جیاوازە لە زۆربەی هەرزۆری ئەو پرۆسەی دەوڵەتسازییەی لە دنیادا ڕوویانداوە. کەم جغرافیای سیاسی لە دنیادا هەیە وەکو کێشەی کورد ئاڵۆز بێت و هێندەش پێویستی بەوە بێت کە وەڵام وەربگرێتەوە. کێشەی فەلەستین و کێشەی کورد دوو تاکە کێشەی ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی ناوەراستن و ئارامی سیاسی بە بێ چارەسەری ئەو دووپرسە، لە وەهم زیاتر نییە.

کوردستانی عێراق بە جیا لە خەریتە و لایەنی فەرمی نێو دەوڵەتی، بەهەموو پێوانەیەکی تر هێشتا بەکردەوە لە عێراق جیایەو پەیوەندی هێزە سیاسیەکانی حزبەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کوردیش، هێشتا لەگەڵ ئیران و تورکیا تۆکمە ترە تا لەگەڵ دەسەڵاتی عێراق. خەڵکی کوردستانیش بەشێوەی گشتی خۆیان بە عێراقی نازانن و ناشیانەوێت بگەڕینەوە بۆ ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق و کارایی هیچ سیاسەت و پرۆژەیەکی عێراق لە هەرێمدا ئامادەیی نییە. بۆیە دۆخی سیاسی کوردستان خاوەنی چەندین تایبەتمەندی خۆیەتی و جیابوونەوەشی لە عێراقێکدا کە دەسەڵاتێکی مۆدێرن ئامادەیی نییە، یەکێک لە هەرە بژاردە کاراو پێویستەکانە.

ئاکامی ریفراندۆم، دەستکەوتێکی گەورەی خەڵکی کوردستانە و دەتوانرێت و دەبێت وەکو بەڵگەنامەیەکی خاوەن پشتیوانی و بریاری ئازادانەی خەڵکی کوردستان بۆ جیابوونەوە پیکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەدەستەوە بگیرێت. ئەوەی کە هێشتا ڕێگری لەوە دەکات کوردستانی عیراق، بەرەو ئاقاری سەربەخۆیدا هەنگاو بنێت و سەنەد و ئاکامی ریفراندۆمیش وەکو بەڵگەنامەیەکی پشتیوانی جەماوەری بەرز رابگرێت... هێزە سیاسیە بۆرژوازییەکانی کوردن.

ئەو راستییەی کە پارتی و بزوتنەوەی سیاسی بۆرژوازی کورد، ریفراندۆمیان بۆ مەبەستی تر و وەکو کارتی گوشار بۆسەر بەغدا بەدەستەوە گرت، نەک بۆ جیابوونەوەی کوردسان و پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ، ئەوەش هێندەی تر ئەو ڕاستیە دەخاتەوە ڕوو کە بۆ پارتی ریفراندۆم وەکو موچەی پاشەوکەوت بۆ سات و سەودا لەگەڵ بەغداو دنیای دەرەوە بەدەستەوە گیرا.

پێداگری سەرانی پارتی لەکاتی ریفراندۆمدا بەوەی کە ریفراندۆمیان بۆ جیابوونەوە و پێکهینانی وڵاتێکی سەربەخۆ نییە، رێک لەگەڵ سیاسەتی ئێستایاندا کە سوێند بە یەکپارچەیی عێراق دەخۆن... تەباو کۆکە و ئەو راستییە پشتراست دەکاتەوە کە بۆرژوازی کورد، نەک تەنها هەڵگری چارەسەری پرسی خەڵکی کوردستان بەبریارو ئیرادەی هاوڵاتیان نییە، بەڵکو خۆی کۆسپ و لەمپەرێکی سەرەکی چارەسەری پرسی کوردەو خێر و نیعمەت لە مانەوەی ئەو پرسەدا بەچارەسەر نەکراوی دەبینێتەوە.

ڕاماڵینی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، لەرێگای شۆرش و راپەرینیکی لەخوارەوەی جەماوەری و شۆرشگێرەوە بەجیا لەوەی دێوەزمەیەک لەسەر ژیان و گوزەرانی ملیۆنی خەڵکی کوردستان هەڵدەگرێت وسەروەت و سامانی دزراوی کوردستان دەگێرێتەوە و ئیرادە بۆ ئینسانی کورد دەکاتەوە مەبنا، ئاواش چارەسەری پرسی کورد دەخاتەوە ئەستۆی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستان. ئاکامەکانی ریفراندۆمیش وەکو بەڵگەی حاشا هەڵنەگری پشتیوانی جەماوەری بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن ئیرادە، سەرمایەکی بەهێزە بۆ وەدەست هێنانی پشتیوانی ناوەندە نێودەوڵەتیەکان و بزوتنەوە ئازادیخوازو ئینسان دۆستەکان...

**کۆتایی سێپتەمبەری ٢٠٢١**

# چالاکانی مەدەنی سەردەشت جارێکی تر کۆماری ئیسلامیان بە چۆکدا هێنا



**هەتاو عەبدوڵاهی**

دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی توندوتیژی لەناو هەناوی کۆمەڵگەی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ خەریکە پەرە دەستێنێ و خەڵکی ئێران هیچ ئەمنیەتێکی گیانی و ماڵیان نییە. ڕژیمی ئێران هەر لە سەرەتاوە بە سەپاندنی یاسای سەدەناوەڕاستی کە سەرچاوەگرتوو لە ئایین و شەرعی ئیسلامی بوو، هەموو هەوڵەکانی خستەگەڕ تا ژنان لەپڕۆسەی سیاسی و ئابووری دوور بخاتەوە. ژنان لەناو ئەو سیستمەدا لە هەموو مافە سەرەتاییەکانیان بێ بەشن و ڕۆژانە توندوتیژی و ئازار ئەزمون دەکەن. توندوتیژی، سەرکوت، ئیعدام، ڕەشبگیری، زیندان و ئەشکەنجەو دەستدرێژی، دیاردە کۆمەلایەتیەکانی هەناوی کۆمەڵگە وەکوو خۆکوژی، لەشفرۆشی، بێکاری و خەمۆکی، مادەی سڕکەر کە سەرچاوەگرتوو لە هەژاری لە ڕادەبەدەر و نەبوونی بوژانەوەی ئابوری بەهۆی ناکارامەیی و گەندەڵی ئەو سیستمەیە، بەرۆکی کۆمەڵگە و خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێرانی گرتووە. کۆمەڵگەی ئێران و خەڵکەکەی بوونە قوربانی سیستمێکی دژە مرۆڤ کە دوو ئەبزاری پیاو مەزنی و ئایینی قیزەونی ئیسلامی لە بەردەستە، بۆ دووبەرەکی نانەوە و توندوتیژی بۆ قازانجی دەسەڵاتەکەی خۆی. ژن لەناو سیستمی کۆماری ئیسلامی موڵکی سەرەکی پیاوە و تەنیا و تەنیا وەک ئەندامێکی زاو و زێ و بۆ دامرکاندنەوەی هەستی سێکسی پیاو سەیری دەکرێ. وەک لە قورئان دا هاتووە و دەڵی ژنان کێڵگەی ئێوەن و چۆنتان دەوێت بیانکێڵن، ڕژیمی ئێرانیش بەو یاسا و شەرعە لەگەڵ ژنان هەڵسوکەوت دەکات و ئەو شێوازە ڕوانینەی خستۆتە مێشکی کۆمەڵگەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ خەریکە بەرهەمی دەهێنێتەوە. ڕۆژ نییە ژنان بەهۆی ئەو سیستمەوە نەکەونە بەر دەستدرێژی و تاوان و نەچەوسێنەوە. ماوەی سالانی رابردوو لە شارەکانی وەک ئیسفەهان کەسانی توند ئاژۆ و ئیسلامی سەر بە دەسەلات بۆ ئەوە ژنان تەنانەت هاتنە دەرەوە بە بڤە بزانن تیزابیان بە دەم و چاوی ژناندا دەکرد و دەسەلات نە تەنیا هیچ بە دواداچوونێکی نەدەکرد، بەڵکوو هەرەشەی لە چالاکانی مەدەنی دەکرد کە هەواڵەکانی پەیوەندیدار بەو تاوانە بلاونەکەنەوە. هەروەها لە ماوەکانی رابردوو لە شاری ئێرانشهری ئێران چەندی ژن و کچی ژێر تەمەن لە لایەن کەسانی چەکدار و سەر بە دەسەلاتەوە دەستدرێژیان کرایە سەرو چەندین کەسیان نەیانتوانی بەرگەی ئەو ئازارە بگرن و جەستەی خۆیان سڕیەوە، چونکە هیچ یاسایەک پشتیوانی لێ نەکردن، لەو روداوەش دا ڕژیمی ئیسلامی نە تەنیا هیچ بە دواداچوونێکی نەکرد، بەڵکوو دادستانی گشتی ئەو کاتی ئێران بە ناوی مونتەزری ڕایگەیەند: هەر کەس هەواڵەکانی ئەو تاوانە بلاوبکاتەوە دەست بەسەر دەکرێ و چەندین چالاکی مەدەنی لەو پەیوەندیەدا گیران و راپێچی بەندیخانە کران. ئەو کارەسات و تاوانانە لە لایەن دەسەلات و مۆرەکانی ڕژیم تا بە هەنووکەش بەردەوامن و ڕۆژ نییە قوربانی لێ نەکەوێتەوە. بە پێی هەواڵ و بەدواداچونەکانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، لە تازەترین تاوان و دەستدرێژی بە دژی ژنان لە شاری سەردەشت ماوەی چەند ساڵێک دەبێ کۆمەڵێک چەکدار و مۆرەی سەر بە کۆماری ئیسلامی دەستیان داوەتە کردەوەی قیزەونی دەستدێژی بۆ سەر ژنانی ئەو شارە. ئەو تاوانبارانە لە سەیرانگا و شوێنە چۆڵەکان بۆسە لە خەڵک دەکەن و بە زەبری چەک پیاوان ناچار دەکەن ژنان و کچانی ژێر تەمەنی خۆیان بۆ ماوەیەکی کاتی بەوان بدەن تا دەستدرێژیان بکەنە سەر. چەندین چالاکی مەدەنی و هەڵسوراوی مافی ژنان بەو کردەوە قیزەونەیان زانی و ناو و داتای چەند کەس لەو تاوانبارانەیان بلاوکردەوە و رایانگەیاند: ئەگەر دەسەلات لێپێچینەوە لەو جینایەتکارانە نەکات دەست دەدەنە کەمپەین و نارەزایەتی دەربڕین. یەکێک لەو چالاکانە خاتوو ناسکە ئەفخەمی چالاکی مافەکانی ژنان و چالاکی بنەماڵەی پەلکەزێرینە و کوێرەکانی دانیشتووی وڵاتی سوئیسرایە. ناوبراو هەستا بە لەقاودانی ئەو تاوانەو ئاشکراکردنی ناوی چەندین کەس لە تاوانباران و ناساندنیان بە خەڵکی سەردەشت و شارەکانی تری کوردستان. دوا بە دوای هەوڵەکانی ناوبراو تاوانباران کە سەر بە دەسەلاتن و چەکدارن هەڵیان کوتایە سەر ماڵی باوکی ناسکە ئەفخەمی لە شاری سەردەشت ودەستریژیان لێ کردن و نارنجۆکیان لە ماڵیان هاویشت، ئەو روداوە کارەساتبارە هەر چەند خەساری گیانی لێ نەکەوتەوە بەڵام زەرەر و زیانی مادی زۆری بۆ بنەماڵەی ناوبراو و دراوسێکانیان بە دواوە بوو. تاوانباران رایانگەیاند ئەگەر ناسکە ئەفخەمی بێ دەنگ نەبێ و پەیجە کۆمەڵایەتیەکانی دانەخا دەست لە جینایەت و تاوانیان بە دژی بنەماڵەی ناوبراو هەڵناگرن، بەڵام ناسکە بە بوێریەکی لە رادەبەدەر و بێ ترس دەستی لە چالاکی هەڵنەگرتوو و ئەو هەواڵەی بە گوێی راگەیاندنەکانی دەرەوەی وڵات و سەر بە ئۆپۆزیسیۆن و دژبەری رژیم گەیاند. چالاکانی مەدەنی شاری سەردەشتیش دەستیان لەسەر دەست دانەنا و دوای ئەوە کە تاوانباران ئاوا بە ڕوهەڵماڵڕاوەیی هەلیانکوتایە سەر بنەماڵەی ناسکە لە سەردەشت و جارێکی تر بەوە گەیشتن کۆماری ئیسلامی وەک هەمیشە گوێ بە داخوازیان نادا دەستیان دایە کەمپەین و رێکخستن بۆ نارەزایەتی بەرامبەر بەو سیستەم و تاوانبارانە کە سەر بە دەسەڵاتن. دوای راگەیاندنی کەمپەینی چالاکانی مەدەنی سەردەشت مۆرەی ڕژیم و دادستانی ئەو شارە بە ناوی خداکرمی رایگەیاند: هەر کەمپەین و گردبوونەوەیەک بە سەرکوت و زیندان وەڵام دەدەنەوە، بەڵام خەڵکی قارەمانی شاری سەردەشت گوێیان بە هەرەشە و گوڕەشەکانی ناوبراو نەدا و ڕۆژی شەممە سەرەرای بوونی فەزایەکی ئەمنیەتی و میلیتاریزە بوونی شار لە لایەن دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی ڕژانە سەر شەقام و گردبونەوەی نارەزایەتیان وەڕێخست. کۆماری ئیسلامی جارێکی تر بە هێزی سەرکوت وەلامی خەڵکی دایەوە، بەڵام خەڵک بێ گوێدان بە هێزی داپلۆسێنەر گردبووەی خۆیان بەریوە برد و داخوازیەکانیان هێنایە بەر باس. سەرەنجام و لە ئاکامی خەباتی خەڵکی قارەمانی سەردەشت بە ژن و پیاوەوە سەرهەنگی پاسدار (بەهاری)رایگەند کە سێ کەس لەو تاوانبارانە دەست بەسەر کراون و داوای لە چالاکانی مەدەنی کرد کۆتایی بە کەمپەینی خۆیان بێنن، بەڵام هێزی جەماوەر کە هیچ بڕوایان بەو ڕژیم و دەسەلاتە و وادە و بەڵێنەکانی نییە رایانگەیاندووە: تا کاتێک هەموو تاوانباران دەست بە سەر نەکرێن و لە دادگایەکی عادلانە و خەڵکی دا دادگایی نەکرێن دەست لە کۆبوەوە و کەمپەینی و نارەزایەتی هەڵناگرن. چالاکانی مەدەنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و هێزە داپلۆسێنەرەکەیان بە چۆک داهێناو جارێکی تر خۆیان چارەنوسی خۆیان دیاری کردو توانیان دەنگی قوربانیانی دەستدرێژی شارەکەیان بن و داخوازیی و دەنگی مەزلومیەتی ژنانی ئەو شارە بە گویی دنیا دا بدەن. کۆماری ئیسلامی وەک هەمیشە بە خەیاڵی خاوی پێی وابوو دەتوانێ لە ڕێگای هێزی سەرکوت و میلیتاریزەکردنی شار و هەڕەشە و گوڕەشە خەڵک چاوترسێن بکات و نەهێڵی خەڵکی شاری سەردەشت داوای مافی ڕەوای خۆیان بکەن وەک هەمیشە ئەو تاوانە پەردەپۆش بکات، بەڵام لەگەڵ هێزێکی مەدەنی پێکهاتوو لە ژنان وپیاوانی قارەمان و نەترس بەرەورووبۆوە و لە ئاکام دا چەندین کەسی لە تاوانباران کە سەر بە دەسەلاتی خۆی بوون دەست بە سەر کرد. خەڵکی ئێران باش دەزانن هۆکاری هەموو چەرمەسەری و بەدبەختی و توندوتیژی و تاوان کۆماری ئیسلامی ئێرانە و تا کاتێک ئەو ڕژیمە نەڕوخێ دەست لە خەبات هەڵناگرن...

پرسی ڕۆژ

پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە هاوڕێ ئاراس ڕەشید/ هاوکاری سەرنووسەر ئامادەی دەکات... لەهەر ژمارەیەکدا کەسایەتیەل لە بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بە خستنە ڕووی پرسیارێك بەسەر دەکاتەوە...

# لەم ژمارەیەدا ئۆمەر چاوشین لە وەڵام بەپرسی ڕۆژدا...

**پرسی دادگاییکردنی زیندانیانی بادینان و مانگرتنی زیندانیان گەیشتۆتە ئاقارێکی مەترسیدار لە ئاستی ئینسانی و مافی ئازادی ڕادەربڕین و زاڵبوونی هەژموونی دەسەڵاتی حکومی بەسەر دادگا. ئامرازی کارساز چییە بۆ وەڵام بەو پرسانە؟**

**ئۆمەر چاوشین:** لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی تر لەعێراق وکوردستان داواکاریەکانی خەڵکی ناڕازی لەیەکەوە نزیکە، بەڵام جۆری ناڕەزایەتییەکان جیاوازن، بۆنمونە شۆڕشی بەهاری عەرەبی وگۆڕانکارییە سیاسی وئیداریەکان گرنگی خۆیان هەبوو کەداوای نان وکارو ئازادییەکان بوون. ئەوان توانیان دیکتاتۆرەکان بڕوخێنن، و هەندێک لە کارەکتەرەکان سیاسەتیان لەیەکەوە نزیک بوو، بەڵام هێزو یەکگرتویی خەڵک عەرشی دکتاتۆری هێنایە لەرزین و زاڵم بەچۆکداهات.

لەعێراق وکوردستان چەند دەیەیە چەوساندنەوە هەیە، دزی و ڕاووڕوت ومافیایی هەیە، وەک لەدانپێدانانەکانی خۆیاندا هاتوە دادگاکان مافیا دەیبات بەڕێوە، هەرچی قانون و یاساهەیە کوێرانە لەبەرژەوەندی خۆیان داڕێژراوە، پەل وپۆی دامەزراوەی مافی مرۆڤ و دادگاکان کراون، ڕەشوەو بەرتیل وەردەگرن، بە بەرچاوی دونیاوە خەڵک دەکوژن و ڕەشبگیری خەڵکی زەحمەتکێش دەکرێت. ڕۆژنییە خۆیان نەڵێن (قاچاخچێتی لەسەرژیان و نانی خەڵک دەکرێت)، گرەولەسەرخوێنی ڕۆژنامەنوس وچالاکوان و ژنان وکرێکاران دەکرێت، هیچ مانایەک نەماوەتەوە بۆژیان وکەرامەتی ئینسان . دەزانن هۆکارەکەی چییە؟

**سەرنجتان ڕادەکێشم بۆدوو نەزمی سەرەکی:**

دەتوانین بڵێین دکتاتۆر بەردەوام بۆمانەوەی خۆی پشت بەهێزوچەک وپارە دەبەستێت، ئەمانە هەموشتێکیان هەیە، بەڵام ویژدانیان نییەو داشۆراون لەمرۆڤبوون وسیاسەتی بەشەری، لەبەرامبەر بەو خەڵکە برسیەی کەسالانی ڕابردوو دەنگدەری خۆیان بوون، بەڵام ئێستا ناڕازین و بەتێکدەرو خائین ناویان دەبەن هەرچی کاردانەوەی نامرۆڤانە و دژە ئینسانیە ئەنجامیانداوە.

هۆکاری دووەمی نەپێکانی ئامانجەکان لەلایەن موچەخۆران ودەنگدەرانی جاران وناڕازیانی ئێستاو خەڵکی ماندووی ئیراق و کوردستان، نەبونی پاڵپشتی سیاسی ومەیدانی و شک نەبردنی بەدیلێکی سیاسی لەمەیدانی ناڕەزایەتیەکاندا، وە هەڵوێستی لاوازی خەڵکی تاراوگە و ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستە بیانیەکانە. ئەگەر دەسەڵات ئەوجۆرە خاڵە لاوازانە دەبینێت بەرژەوەندیەکانی لەڕۆژی ڕوناک دەدۆزێتەوە، خاڵی لاوازی خەڵک دەبینێت. تاکەچالاکی لەساڵی ٢٠٢١ ئەگەرکرابێت لەسەرەتای مانگی ئەیلولی ئەمساڵ بوو کە بەر بەسەرانی دەسەڵات گیرا لە کاتی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم نێچیروان بارزانی بۆ لەندەن. چالاکییە سیاسیەکانی بکات لەوڵاتانی ئەوروپا کە کۆمۆنیستەکان دەوری سەرەکیان لەوناڕەزایەتیەدا هەبوو، ئەو جۆرە چالاکیانە لەئامانجەکە نزیکمان دەکاتەوەو ئومێد بەخەڵکی ناڕازی کوردستان دەبەخشێتەوە. بۆیە پێویستە بەمەیدانی کار لەسەر یەکڕیزی چالاکی سیاسی گەرم بکرێت، لەسەرئاستی دەرەوەی عێراق وکوردستان چالاکیەکان لە هەڵپێچانی نوێنەرایەتی دەسەڵاتی ناسیۆنالیستی و دینی عێراق و کوردستان بکرێت لەدەرەوە، وڵاتان ناچاربکرێن بەرژەوەندییە ئابوری ودیبلۆماسیە درۆزنانەکان بکشێننەوە لەگەڵ دەسەڵاتی مافیاگەری. ناچاربکرێن وەڵام بەداخوازیەکانی خەڵکی کوردستان بدرێتەوە. ناچاربکرێن چیتر چالاکوانان تاوانبار نەکرێن و ڕۆژنامەنوسان و خەڵکی ناڕازی خەڵتانی خوێن نەکرێن، یاسا لەبەرژەوەندی کلتور و دین دانەڕێژرێت ژن کوژی پێ درێژ بکرێتەوە.

خەڵکی کوردستان برسی وماندوە، بۆیە لەشۆڕش نزیک بۆتەوە.

لەکوردستان، لەبادینان تا خانەقین خەڵک ژیانی لە مەترسیدایە و هیچ حزب و ڕێکخراوێکی خۆماڵی و بیانی خۆی لێ نەکردوە بەخاوەن و پاڵپشتی خەڵکی ناڕازی سەرشەقامەکان. هەرکات دەسەڵات بەرژەوەندیەکانی بکەوێتە مەترسیەوە مافی مرۆڤ ئەرزشی نامێنێت و چالاکوانان ژیانی خۆیان ومالبەتەکانیان دەکەوێتە مەترسی و ژێر هەڕەشەی مەرگ. لەزیندانەکاندا سیناریۆی سەیرو سەمەرەیان بۆدادەتاشرێت لەناڕەزایەتیەکانی ساڵی ڕابردوی ٢٠٢٠دا لەکوردستان زیاترلە٣٠٠ کەس دەستگیرکراوە و نزیک بە١٠٠ کەس بریندارکراون. زۆربەی دەستگیرکراوەکان منداڵبوون بەبێ گوێدانە بنەماکانی مافی مرۆڤ لەلایەن ئەندامێکی ڕێکخراوی سۆسیال ئەنتەرناسیۆنال لەکوردستان ڕەشبگیری کران و بەئۆتۆمبێلی جام ڕەش پۆلیس وئاسایش وهەمووجۆرەکانی پۆلیس ڕوبەری خۆپیشاندەران کرانەوە، و لەهەموو جۆرە چەک وئامێرێک کە ئینسان ئازار دەدات، بەئۆتۆمبێلی ئاوپڕژێنی پڕلەبیبەرو غازی فرمێسک ڕژێنی کوشندەوە، زۆربەی چالاکوانان بەبەرچاوی ڕێکخراوەکانی تەندروستیەوە لەنەخۆشخانەکاندا بەبرینداری قۆڵبەستدەکران. بەشی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان ئاگادارکران. دوای ساڵێک لەوکارەساتانە دۆسیەی دەستگیرکراوەکانی سنوری سەوز و نیلی تائێستا یەکلایی نەکراونەوە و هەربەردەوامە بێ ئەوەی دانیشتن لەدادگا بەڕێوەبچێت. لەسنوری زەرد چالاکوانان سزای زیندانی چەند ساڵەدران، تاکارو ژیانیان گەیشتە مانگرتنی چڕ لەخواردن کەژیانیان لەئێستادا لەمەترسیدایە.

لەسەر ئەو کارەساتانە نوێنەرایەتیەکانی زۆربەی وڵاتان ئاگادارکراونەتەوە و نامەی تایبەت ڕۆیشتوە بۆ پەرلەمانی ئەوروپا، بەڵام کاردانەوەیان لەبەرامبەر بەودەسەڵاتە نەبووە، چونکە بەرژەوەندی ئابوریان بەیەکەوە هەیە و ژیانی خەڵک و مافی مرۆڤ گرنگ تر نییە لە لوشدانی سامانی خەڵک، ئەوان نەوتیان دەوێت، ئاژاوەی ناوخۆیان لەوڵاتان دەوێت، چونکە بەرژەوەندیان لەخوێن ڕشتندایە.

بۆگێڕانەوەی کەرامەتی ئینسانی بێتاوانی شەریف لەم وڵاتە غەرق بوو لەگەندەڵیانەدا، یەکڕیزی فراوانی ناڕەزایەتییەکان و سوڕاندنی لولەی چەکی هێزە چەکدارەکان بەرەو ڕووی دەسەڵاتی مەرگ هێنەرو چاوبرسیە.

بەرژەوەندی خەڵک لە توڕ هەڵدانی ئەوهێزە دژە بەشەریانەیە و خەڵکی ئازادیخوازی عێراق بەهەموو سنورە جوگرافیەکانەوە پێویستان بەوەدەبێت یەکگربن. خەڵک هێزێکی سیاسی لەپشتیانبێت بوڕێنوێنی کردن، چونکە لەهەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسیدا خەڵک پێویستی بەئیدارەدانی سیاسی و نەخشەڕێگای سیکۆلار و مەدەنیانە هەیە، تاوەکو دوربن لەچەوساندنەوە و ڕەشەکوژی، پێویستی ترلەوەی ئێستاکە هەیە خەڵک دەبێت ئەو بەرنامانەش تاقی بکەنەوە تاسود لەژیان ببینن. چونکە لەئێستادا هیچ مانایەکیان بۆژیان نەهێشتۆتەوە.

کوردستان و خەڵکەکەی سوتاوی سیاسەتی وڵاتانی دەوروبەرن بەهاوکاری هێزی خۆماڵی، خەڵک لەژێر دەستی زۆرماندوی نان وکارو ئازادین.

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوە ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی... بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری ڕاستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێك کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەك وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەك و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی ناڕەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەککگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژ و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net



# هێزی بایکۆتی هەڵبژاردن، بابکەینە هێزی ڕاماڵینی دەسەڵاتی دزەکان...

نووسینی: عبدالرحمن رەسوڵ

ڕێگە مەدەن لەژێر ناوی لەهەڵبژاردنێک کە ئامانج لێیان تەنها دەربازبوونیانە لەتووڕەیی و نارەزایەتی چەوساوەکانی کۆمەڵگەیە. چیتر زنجیرەکانی چەوسانەوە و بێمافییەکانتان زیاتر لەگەردنتان توندتر مەکەن. بەشداربوونتان لەهەڵبژاردنی ئەندام پەرلەمانانی دزو گەندەڵ کە دەرکردنی یاساکانیان بەرپرسانی دزو گەندەڵ باشتر دەپارێزن و خۆیان وحیزبەکانیان زیاتر دەبنە خاوەن سامان و پارەی دزراوی گشتی کۆمەڵگە. ئەم ئەندام پەرلەمانانە لەگەڵ ئەوەی بەرێگای تەزویر وفێڵ وفرێودانەو ودەنگ کڕینەوە دەبنە ئەندام پەرلەمان لەهەمان کاتدا هەرگیز واز لەبەرەی چەوسێنەران و زاڵمەکان ناهێنن یەکەمین کارو هەنگاوەکانیان بەدڵنیایی یەوە باج ورەسوماتی زیاتریش دەخەنە سەر هاوڵاتیان. ئەزیزانم هەرگیزاو هەرگیز ژیانی گوزەرانی خەڵکی بێکارو کرێکارو هەژار لەژێر سایەی حیزبە فاشیستەکانی پارتی ویەکێتی و ئیسلامییەکان و بزووتنەوەی گوڕان و بزوتنەوەی نەوەی نوێ باشتر نابێت و ناتوانن باشتری بکەن، چونکە هەریەکەیان بەشێکە لەکارگەی بەرهەمهێنانی یاساکانی چەوسانەوە وگەشەدانی برسێتی و هەژاری وبێکاری وئاوارەیی وناخۆشییەکانی ژیانی مرۆڤەکانن. هەر ئەم حزب و ڕێکخراوانە چەندین ساڵە لەناو پەرلەمانەکاندان، بەڵام کێ دەستی گرتبوون کە یاسای بیمەی بێکاری دەربکەن، یاسایەک بۆ باشبوونی ژیانی بەساڵاچوان دەربکەن، بەڵام ئەمانەیان نەکرد لەجیاتی ئەم یاسایانە هەستان بەدانانی یاسایی تایبەت بەپلە باڵاکان هەروەک یاساکانی سەردەمی کۆیلایەتی ودانانی یاساکانی باج وسەرانە بەسەر خەڵکدا. لەوانەش خراپتر ئەم حزبانە دەستیان زیاترخستە بیناقاقای خەڵکی هەژارو زەحمەتکێش بەتایبەتی و خەڵک بەگشتی ئەویش بەهەنگاونان بە بەتایبەتیکردنی کەرتەکانی تەندروستی وکارەبا و ئاو و پەروەردەو خوێندن و سەرجەم بەشە خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگە. هەر بۆیە زۆریش پێویستە کە لەگەڵ بایکۆتکردنی ئەم هەڵبژاردنەدا هەنگاوی دڵسۆزانە پێویستە بۆتێکۆشانی هاوپشتی و یەکگرتووانەی زیاتری تێکۆشانی گەنجان و لاوان و خەڵکی نارازی کەبەردەوام لەسەر شەقام وخیابانەکان نەفرەت لەم جۆرە دەسەڵات و سیستەم وحیزبانە بکەن و ڕۆژانە گوێبیستی درۆ وفێڵە کانیان دەبن وڕیسواو شەرمەزاریان بکەن. پێویستە بەیەکەوە سەنگەری تێکۆشان بۆڕاماڵینی ئەم سیستەم و دەسەڵاتە فاشیزم ودژە ئینسانییە لەعێراق وکوردستان بەهێز بکەین .

ناکرێت چیتر ڕێگا بدرێت لەژێر ناوی کوردایەتی و کوردستانی و خەڵک فریو بدرێت ڕاپێچی دەنگدان بە نوێنەرە دز وگەندەڵەکانیان بکرێت، ئەی ئەم حیزبانە سی ساڵە جگە لەخولقاندنی کێشەو قەیرانەکانی نەبوونی خزمەتگوزارییەکان و نەبوونی کارو نەبوونی ئازادی و هەبوونی سەرکوتی زۆر و بێکاری و هەژاری وبرسێتی و نەدانی موچەو کرێی کارکردنی ڕۆژانەی کرێکاران ومامۆستایان و فەرمانبەران هیچ سوودی تریان نەبووە هەروەها کردنەوەی دەرگای کوردستان بەڕووی میت و ئیتلاعاتی دەوڵەتانی فاشیزمی ئێران و تورکیا بۆئەوەی هەڵسوڕاوانی ئازادیخواز تیرۆربکەن. ئەمانە بۆ ئەوەنابن دەنگیان پێ بدەین، بەڵکو دەبێت ڕیسوابکرێن و لەدەسەڵات بهێندرێنە خوارەوە.

لە کۆی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهۆی هەبوونی سیستەم و دەسەڵاتی چەوسێنەرو کۆنەخوازیانەوە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هیچ جۆرە سوودێکی بۆ خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بەتایبەتی خەڵکی بەگشتی نییە، چونکە ئەوەی کە گۆڕانکاری بەسەردادێت لەدوایی هەڵبژاردن تەنها گۆڕینی بەشێک لەدزو گەندەڵکارانە بە بەشێکی تازەترە لەدزو گەندەڵکار و ملهوڕی چەووسێنەری تر. لەماوەی زیاتر لە چل ساڵ ئێران هەڵبژاردن دەکرێت بارودۆخی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بەتایبەتی خەڵک بەگشتی خراپتر دەبێت، بەردەوام ساڵ لەدوای ساڵ گەشەی بێکاری وهەژاری زیاد دەبێت. لەعێراق و کوردستانیش بەهەمان شێوە وێڕای هەبوونی نەوت وغازو سامانی زۆری ژێر زەوی وسەرزەوی، بەڵام خەڵکی عێراق وکوردستان بەرەو بێکاری وهەژاری وبرسێتی زیاتر دەچن لەگەڵ ئەوەی چەندین هەڵبژاردنیش ئەنجام دراوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە بەناوی هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە دزەکان وگەندەڵکان گۆڕاون بەدزوگەندەڵی تر نەسیستەم ونەدەسەڵات ونەشێوازی ئیدارەدان نەگۆڕاوە، دەرئەنجام کۆمەڵگە بەرەو خراپتر و نارامی تر وەرچەرغاوە. کەوایە پێویستە لەڕێگایەکی ترەوە بەرەو بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی باشتر بچین ئەویش گەشەدانە بەشۆڕشی چەوساوەکانە، نەک بەشداربوون لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی ڕووکەشی درۆزنانەیان.

ئاخر لەکوێی مێژوویی مرۆڤایەتیدا سیستەم و دەسەڵاتێکی کۆنەخوازو چەوسێنەرو دز بەهەڵبژاردنی پەرلەمانی چاکسازی و گۆڕانکاری باشتری بۆکۆمەڵگە کردووە؟! بەڕاستی ئەوکەسانەی کە زەرەیەک، دڵیان بەو هەڵبژاردنە خۆشە و پێیان وایە دوایی هەڵبژاردن کۆمەڵگە بەرەو باشتر و نوێتر ئاراستە دەکرێت سەرتاپایی بۆچوونەکەیان هەڵەیە، چونکە لەدوای هەڵبژاردن حکومەت و دەسەڵات ڕووبەڕوویی چەندین کێشەو قەیرانی تر دەبێتەوە بەبێ ئەوەی توانایی چارەسەری کێشەو قەیرانەکانی ڕابردووشی هەبێت. بەدڵنیایی خەڵک دێنەوە سەر شەقامەکان و بەداواکاری و خواستی ئینسانی خۆیانەوە.

لێرەدا دەمەوێت لەبارەی ڕەوتی چەپ و کۆمۆنیست و شیوعییەکانەوە تێڕوانینێک بخەمەڕوو کە:

ئەوەی حیزبی شیوعی دەیکات خولانەوەیە بەدەوری بازنەی خەیاڵاتی هیچدا. دواتر هەروەکو ڕابردوو خزمەت بەڕەوتی دەسەڵاتی چەوسێنەر دەکات. هێزی مانەوەی بەدەسەڵاتی کۆنەخوازو چەوسێنەرو دز دەبەخشێت. حزبی شیوعی عێراقی لەلایەک بایکۆتی هەڵبژاردن دەکات و لەلایەکیش حزبی شیوعی کوردستان ڕیکلامی هەڵبژاردنی بەناوی بەرگریکردن لەسەربەخۆکان گەرم کردووە.

ئاخر هاوڕێیان دواجار ئەگەر چەند ئەندام پەرلەمانێکیش دەربچن دیسان دەچن لەژێر ناوی پاراستنی مافی خەڵکی کوردستان لەگەڵ نوێنەرەکانی یەکێتی وپارتی وئیسلامییەکان دەچنە یەک سەبەتەوە، جارێکی تریش دەبنە هێزی مانەوەی دەسەڵاتی فاشیزمی بنەماڵەیی لەکوردستان وعێراقدا. هەرگیز ناتوانن ئەندامانی هەڵبژێردراوی شیوعی و سەربەخۆکان هیچ جۆرە یاسایەکی کۆنەخوازی و دژە ژنە ودژە ئینسانی بگۆڕن و ناتوانن هیچ جۆرە یاسایەک دەربکەن کە لەبەرژەوەندی چینی کرێکارو ڕەوتی بەشارستانی بوونی کۆمەڵگەدا بێت. ئەم هات وهاوارەیان دیسان چەمانەوەیانە لەبەردەم سیستەمی کۆنەخوازی هەروەک چۆن حزبی شیوعی عێراقی لەگەڵ سەدرییەکان هاوپەیمانی پێکهێنابوو کە کۆنەخوازترین هێزی عێراقە، ئاخر هاوڕێیان هەرگیز ئەم سستەم ودەسەڵاتە ملهوڕە چەوسێنەرەی عێراق و کوردستان بەم جۆرە سیاسەتکردنە ناگۆڕێت، بەڵکو زیاتر هێزی مانەوەی گەشەپێ دەدات. ئەو حیزبانەی بەشدارن لەهەڵبژاردن بوونە گۆجانی دەستی مانەوەی سیستەم ودەسەڵاتی دزو گەندەڵ و زاڵمەکان. ئەزیزانم تاکە چارەسەر گەشەدانە بەشۆڕشی چەوساوەکانە لەعێراق و کوردستان، پێویستە ڕاشکاوانە تێکۆشان بکرێت بە بەهێزکردنی ڕەوتی شۆڕشگێڕیی کەتائێستا زۆر بەداخەوە حیزبی شیوعی و دەستی بۆنەبردووە، چونکە زۆر شەرمنانە ئەویش بەرگری لەخەباتی پەرلەمانی کردووە، کەپێویست بوو چەندین ساڵ لەمەوبەر خۆی لەبەرەی بۆرژوازی وکۆنەخوازی جیاکردبایەوە، هێزی شۆڕشگێڕی بخستایەتە خزمەت ڕێکخستنی خەڵکی نارازی بۆ هێنانەدی سۆشیالیزم کەبتوانێت نان، کار، ئازادی ئیدارەدانی شورایی بەدی بهێنێت. هەربۆیە ئەم هەڵبژاردنی پەرلەمانییە زیاتر خزمەتی هێزی ملهوڕی چەوسێنەرو دزی دەسەڵاتدار دەکات، نەک خزمەتی چینی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان وعێراق. کارڵ مارکس دەڵێت: دەسەڵاتی پەرلەمانی هیچ نییە، پاشکۆیەکی درۆزنانەی دەسەڵاتی حکومی نەبێت. کەوایە بۆچی کۆمۆنیست وشیوعییەکان خۆیانی پێوە سەرقاڵ بکەن و بانگەشەی بۆ بکەن؟!

لە عێراق و کوردستان سیستەمی پەرلەمانی ڕێگاچارە نییە

لە سەرجەم وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە عێراق و کوردستانیشەوە. ئازادی و دیموکراسی واقیعی سیاسی بە شێوەیەکی گشتی بوونی نییە، کە خەڵک ئازادانە و بەئاسانی دەستی ڕابگات بەبیروباوەڕە جیاوازەکان بەگشتی و بەتایبەتی بیروباوەڕی ئازادیخوازی ویەکسانیخوازی ومرۆڤ دۆستی ومرۆڤ پەروەری یەکان، سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن قۆرغکراوە بۆلایەنە دینی وقەومییەکان. هەموولایەکیشیان گەشە بە ڕەوتی ڕەگەزپەرستی وڕاسیزم و مەزهەب و دینی دەدەن کەجیاوازەکانی بەرامبەریان ڕەدبکەنەوە. ئەوەش ئاشکرایە بەبەهێزبوونی هەر لایەنێکی قەومی و ئیسلامی لافاوی خوێن بەرپا دەکەن بەسازکردنی شەڕ لەگەڵ یەکتری لەسەر بەرژەوەندی ماددی ومەعنەوییەکانیان. هەروەکو ساڵانی ڕابردوو کەچۆن پارتی ویەکێتی و ئیسلامییەکان بەربوونە گیانی یەکتری و لەشەڕەکانیشیاندا تەنها کوڕە هەژارو کرێکار و زەحمەتکێشەکان دەبوونە قوربانی. بۆ داهاتووش هەریەکەیان لەم حیزبانە گەشەبکەن و دەنگ بهێنن خەڵکی کۆمەڵگە زیاتر باج و قوربانی زیاتر دەبێت بدات.

لەلایەکی تریشەوە پاش چەندین ساڵ لەدوایی ڕووخانی حیزبی بەعس لەدەسەڵات عێراق و کوردستان لەژێر کاریگەری سیاسەتی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و دەوڵەتانی وەک ئەمریکا و ئەوروپا بەڕێوە دەبرێت، بۆ ئیدارەدان بەڵکو بۆ بەتاڵان بردنی نەوت وسامانی گشتی خەڵکی عێراق. لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە هەتا قۆناغی ئەمڕۆ وڵاتی عێراق لە ڕێی سیستەمێکی پادشایەتیی ڕەها، سووپا، دیکتاتۆری، فاشیستی یان دەسەڵاتێکی ئیمپریالیستیی بێگانەوە حوکمڕانی دەکرێت،(هەربۆیەش هەرکاتێک دەوڵەتی تورکیا یان دەوڵەتی ئێران بیانەوێت بەهێزی سەربازی سنوور ببەزێنن کە کەسوپایان هێنابێت کەس پێیان پێ ناڵێت سنووری کوردستان و عێراق مەبەزێنن، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە عێراق وکوردستان لەلایەن کەسانێکەوە ئیدارە دەدرێت کە دەبێت نەخشەی سیاسی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی وەکو ئێران وتورکیا جێبەجێ بکەن.هەربۆیەشە لەناو کوردستاندا بەئاشکرا چەندەها بارەگای سەربازی ومیت وئیتلاعاتی تورکیا و ئێران هەیە. کەواتە بەشداریکردن لەم سیناریۆیەی بەناوی هەڵبژاردنەوە دەکرێت کارێکی بێ سود دەبێت، پێویستە بایکۆت بکرێت. بەڵام لەگەڵ ئەم بایکۆتەدا پێویستە خەبات و نارەزایەتی شەقام و خەباتی هەمەلانەی جەماوەری لە خوارەوە ئەڵتەرناتیڤی جدی و هەر گۆرانکارییەکی شۆڕشگێڕانە و بنەرەتی بێت باشترین ئەڵتەرناتیڤیش بۆ قۆناغی ئێستا وداهاتوو کە زۆر گرینگ وپێویستە ڕێکخراو و حزبە شیوعی وکۆمۆنیستەکان (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق و حزبی شیوعی عێراق و ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی و حزبی کۆمۆنیستی کوردستان وحزبی شیوعی کوردستان

بۆ لاپەڕە 14

# پەیوەندی نێوان ئایین و توندوتیژی لە دژی ژنان

نووسینی: دەریا عوسمان پور

پرسی ژن ؟



توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

کەسانی بڕوادار بە ئایین، بەپێی ڕێسای کتێبەکانیان باس لە هەندێک ڕێسا دەکەن کە بەتەواوی پێشێلکەری مافی ژن وەک بوونەوەرە، ئەوەش هەموو ئایینەکان دەگرێتەوە و گشتیان دەڵێن، "خودا خاوەنی هەموو جیهان، سروشت و گیان لەبەرانە و مرۆڤ یەکێکە لە خۆشەویستەکانی خودا و ژنیش وەک ئافێنراوێکی خوا دەبێ ملکەچی ئەو یاسایانە بێ کە خوا بۆی داناوە"، ئەو یاسایانە هەتا ئێستا تەنیا و تەنیا ژنیان چەوساندۆتەوە و ئازادی و مافەکانیان لێ زەوت کردووە. جۆری پۆشین، تەنانەت جۆری دانیشتن و هەستان و ئاخاوتن، ژیانی هاوبەش پێکهێنان، پەیوەندیی سۆزداری و تەنانەت مافی ژن لە ناونانی منداڵەکەشی و ... هەموو بەپێی ئایین، بۆی داندراوە و خۆی دەبێ ملکەچی بێ.

باڵاپۆشی (حیجاب)، خەتەنە، کارەکەری، کۆیلایەتی، وەکو پێداویستیەک بۆ خۆشگوزەرانیی پیاوان، بێدەسەڵاتی لە کاتی هەڵبژاردنی ژیانی هاوبەشدا لە کاتی دابەشکردنی ماڵ و ساماندا هەر دوو ژن بە پیاوێک دێتە ئەژمار و هتد ....، تەنیا بەشێک لەو ستەمانەن کە لە سەرجەم ئایینەکانی جیهاندا (بە هەندێک جیاوازیەوە) لە ژن کراوە و دەکرێ، هەرچەند لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان لە ڕێگای هەندێک میکانیزمەوە بەری پێگیراوە. ئەوەش نابێ نکوڵی لێبکرێ کە لە وڵاتگەلی پێشکەوتووی جیهانیشدا، ستەم و چەوساندنەوەی ژن بەشێوەی خۆی هەیە و بەردەوامە و ئەوەش وایکردووە کە ژن بەپێچەوانەی ناخی خۆی، زۆرتر تەریک بکەوێتەوە کە باس لەو کۆمەڵگەیانە و خەسارناسی کردنیان، باسی ئەم بابەتە نییە و پێویستە بابەتی تری لەسەر بنووسرێ و لە ڕوانگەی دەروونناسی و کۆمەڵناسیەوە، تەنانەت کاری لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر بکرێ.

بەڵام خاڵێکی هاوبەش و جێگای سەرنج لەمەڕ چەوساندنەوە و ستەم کردن لە ژن ئەوەیە کە، لە سەرەتای هاتنە ئارای ئایینەکانەوە جا هەر لە ئایینی یەهودیەوە تاکو دەگاتە ئایینی ئیسلام و ئەمڕۆشی لەگەڵ بێت ئەم خاڵانە ڕەچاو کراون و لەسەر توندو تیژی دژ بەژنان بەردەوام بوون و هەن.

هەرچەند جێگای ڕامان و پرسیارە کە، بەپێی توێژینەوەیەکی ناوەندی بیۆ کە 84 وڵاتی گرتووەتەوە و لە ئاستی ئایین پەروەریی و پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی ئایین کۆڵیوەتەوە، چ لە ئیسلام بێ یان مەسیحیی یان یەهودییەت یان بوزیی یاخود هندۆس، ژنان لە نێو شوێنکەوتوانی هەموو ئایینەکان لە ئاستی جیهان زیاتر ئایین پەروەرن، ئەوە لە کاتێکدایە کە ژنان زۆرترین چەوسانەوە لەدەست ئایین دەبینن. ڕوون نییە ئاخۆ ئەوە پەیوەندی بە دەروونناسی ئافرەتەوە هەیە کە لە ڕووی هەست و سۆزەوە جیاوازە و دەکرێ بڵێین، لایەنی ترسی تێدا بەهێزترە لە پیاو یانیش دەگەڕێتەوە سەر پەروەردە و کۆمەڵگە کە ئەمەش شیاوی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستیی بەربڵاوە کە چۆنە، بەپێی توێژینەوەکە لە ئاستی جیهان 83.4%ی ژنان باوەڕیان بە یەکێک لە ئایینەکان هەیە، کەچی تەنیا 79.9%ی پیاوان لە جیهان باوەڕیان بە یەکێک لە ئایینەکان هەیە.

کوشتن لەسەر ناموس یان وەک دەگوترێ کوشتن لەسەر شەرەف یا کوشتنی ناموسی، یەکێکە لەو بەرەکەتانەی ئایین کە بۆ ژنی بە دیاری هێناوە. کوشتنی ناموسی بریتییە لە کوشتنی ژن یان کچێکی خێزان بەهۆی باوەڕ و بیرۆکەی کەسی بکوژ کە بڕوای وایە کە قوربانییەکە بۆتە هۆکاری سەرشۆڕ کردن یان شەرمەزاری و بێ ڕێزی بۆ سەر خێزانەکە یان قوربانییەکە سەرپێچی بنەماکانی کۆمەڵگە و ئایینی کردووە لەڕێی ئەنجامدانی یەکێک لەمانە: جیابوونەوە یان تەڵاق وەرگرتن لە هاوسەرەکەی، ڕەت کردنەوەی ئەنجامدانی هاوسەرگیری ڕێکخراو لەلایەن خێزانەوە، هەبوونی پەیوەندییەکی سۆزداری ناپەسەندکراو لەلایەن خێزانەوە، ئەنجامدانی کردەی جووت بوون (سێکس کردن) لە پێش یان لە دەرەوەی هاوسەرگیری دا، بوونە قوربانی لاقەکردن یان دەستدرێژی سێکسی، پۆشینی جۆرە پۆشاکێک کە بە نەشیاو هەژماردەکرێت، هەبوونی پەیوەندی سۆزداری هاوڕەگەزانە یان پاشگەزبوونەوە لە باوەڕێکی ئایینی.

ئەو دیاردە قێزەونە، سەرەڕای هەوڵێکی زۆری ڕێبەرانێکی ڕووناکبیر و پێشکەوتوو لە جیهاندا، هەتا ئێستاش لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بە وڵاتانی پێشکەوتووشەوە ماوە، هەرچەند ڕێژەی نێوان وڵاتانی پێشکەوتوو و وڵاتانی ئیسلامی بۆ بەراورد کردن نابێ. یاساکانی ناپلیۆن ڕێگەی نەدەدا بە ئافرەتان هاوسەرە ناپاکەکانیان بکوژن، بەڵام لەهەمان کات دا ڕێگەی دەدا بە پیاوان ژنە ناپاکەکانیان بکوژن.[١١] لە یاسای ناپۆلیۆن دا، بەندی ژمارە ٣٢٤ کە لە ساڵی ١٨١٠ چووە باری جێبەجێ کردنەوە ڕێگەی دەدا بە کوشتنی ژنە ناپاک و خۆشەویستەکەی لەسەر دەستی مێردەکەی و لە ساڵی ١٩٧٥ دا یاساکە هەڵوەشایەوە. لە تشرینی دووەم ١٩٧٥ دا، یاسای ژمارە ٦١٧/٧٥ بەندی ١٧ هەستا بە پوچەڵکردەونەوەی یاسای سزای فەڕەنسی ساڵی ١٨١٠ بەندی ٣٢٤. ئەم یاسا فەڕەنسییە ناپۆلیۆنییە لەلایەن وڵاتە عەرەبییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سوودی لێ وەرگیراوە و بووە هۆی هاندانی وڵاتی ئوردن لە دانانی بەندی ژمارە ٣٤٠ کە ڕێگە دەدات بە کوشتنی ژن و خۆشەویستەکەی لەلایەن مێردەکەیەوە ئەگەر تاوانی هەبێت لە کاتی کردەی ناپاکییەکەدا بیگرێت.

توندوتیژی کردن لە دژی ژنان، یەکێک لە قێزەونترین دیاردەکانی هەموو تەمەنی مرۆڤایەتیە و بە توندوتیژی لە دژی ژن، کۆمەڵگە بە شێوەکی ڕاستەوخو زەرەمەند دەبێت دەشلەژێت و کێشەی مەزن دێتە بەردەم پرۆسەی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە.

ئەگەر لە ئەوروپاو ئەمریکاو ئوستراليا وڵاتانی تاڕادەیەک پێشکەوتودا، لەڕێگای خەبات و تیکۆشانی میژوویی چینی کرێکارو و بزوتنەوە پیشکەوتنخوازەکان، توندوتیژی و نابەرابەری دژ بەژنان تاڕادەیەک کەمبۆتەوە، بەڵام هێشتا توندوتیژی وبێمافی و نابەرابەری و هەڵاواردنی ژنان، کۆتایی



نەهاتووە. لەناوجەگەی ئەم وڵاتانەدا هێشتا سوئیستفادەی جنسی، سێکس بەکاڵاکردن، تادەگاتە سوکایەتی ولێدان و توندوتیژی و نابەرابەری لە موچەو دامەزراندندا ڕاستیە حاشاهەڵنەگرەکانن. بەڵام ئەم دۆخە لە وڵاتە دواکەوتوەکان و ژێر سایەی دەسەڵاتە قەومی وسەربازی و ئیسلامیەکاندا، شەرماوەرە . هەموو ئەو وڵات و دەوڵەتانەی دین تێکەڵی یاسا و پەروەردە و فێرکردن کراوە، بەهەمان شێوە توندوتیژی بەرامبەر بە ژنانیش یاسایی کراوە. پیاو سالاری دەوڵەت چۆتە پشتی، کوشتنی ناموسی بەرگی ڕەوایی پێدراوە لەم نێوەدا عێراق وکوردستان، گۆشەیەکی دنیای نابەرابەریی ئەم سەردەمەیە. ئەگەر نیزامی سەرمایەداری سەرچاوەی سەرەکی نابەرابەری نێوان ژنان و پیاوان بێتئەوا نابەرابەری نێوان ژن و پیاو، سوکایەتی و توندوتیژی و کوشتاری ژنان لە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی عروبی عێراق و دەسەڵاتی ناسیونالیزمی میلیشایی کوردیدا، بەیاسایی کراوە□ قوربانیانی توندوتیژی و ئاماری کوشتاری ژنان، لە ئاماری قوربانیانی جەنگی دەسەڵاتی ناوخۆیی و دەستی داعش و کیمیابارانی هەڵەبجە□ زیاترە. هەروەکو چۆن هیچ کەسێک لە دزان و تاڵانچیانی داهاتی خەڵکی کوردستان و دزانی قوتی منالان و گەندەڵکاران، ڕووبەڕووی لێپرسینەوە ولێپێچینەوەی یاسایی نەکراونەتەوە، بە هەمان شێوەش تۆمەتبارانی توندوتیژی و کوشتاری هەزاران ژن، هێشتا ئازادن و دەسەڵاتی پیاوسالاری و میلیشیایی کوردی، پارێزەری بکوژی ژنان خۆی لەپشتی ئەم تاوانکاریەییە

ئەگەر لە ئەوروپاو ئەمریکاو ئوستراليا ولاتانی تاڕادەیەك پێشکەوتودا، لەڕێگای خەبات و تیکۆشانی میژوویی چینی کرێکارو و بزوتنەوە پیشکەوتنخوازەکان، توندوتیژی و نابەرابەری دژ بەژنان تاڕادەیەك کەمبۆتەوە، بەڵام هێشتا توندوتیژی وبێمافی و نابەرابەری و هەڵاوردنی ژنان، کۆتایی نەهاتووە. لەناوجەگەی ئەم وڵاتانەدا هێشتا سوئیستفادەی جنسی، سێکس بەکاڵاکردن، تادەگاتە سوکایەتی ولێدان و توندوتیژی و نابەرابەری لە موچەو دامەزراندندا ڕاستیە لە حاشاهەڵنەگرەکانن...

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

**گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...**

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا

# هەناسە وەریوەکانی ژەنەڕاڵ لەقامەتی پاییزی سەلام مستەفادا...!



نووسینی: جەمال نوری

قامەتی پاییز.. نامیلکە شیعریی شاعیر سەلام مستەفایە لەساڵی2021 دا بەیادی شاعیری جوانە مەرگ محمد عومەر عوسمانی هاوڕێی ناسراو بەژەنەڕاڵی پایز لەچاپداو بڵاوکرایەوە، سەلام مستەفای شاعیر وەک هاوڕێیەکی زۆر نزیک و هاوتەمەنی ژەنەڕاڵی پاییز لەپێشەکی نامیلکە شیعریەکەیدا بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە ئاماژە بە قەڵەمی شیعریی (محمد عومەر عوسمان) دەکات و دەڵێت:-

زۆر کەم لەشاعیرانی کورد لەسەردەمی ئەودا و دوای سەردەمی ئەویش توانیبێتیان ئەوەندە جوان بنووسن و چێژ بە خوێنەر ببەخشن، بەڕاستی دیوانی لەغوربەتا تاکتێبخانەی کوردی مابێ ئەو دیوانە بەیەکێک لەجوانترین دیوانە شیعرییەکان دێتە پێشچاو و هەرگیز بیرناچێتەوە.

سەلام مستەفای شاعیر لەپێشەکی (قامەتی پاییز )بەردەوام دەبێ و دەڵێت؛- (ژەنەڕاڵی پاییز ) ئێمەی بەدنیای ئەدەبی نوێ ناساند واتە لە ساتە وەختی بڵاوکردنەوەی لەغوربەتا دەڵێ کاریگەریی تەواوی هەبووە بەسەر جیلیی خۆیی و نەوەی ئێستاشەوە، دێڕە جوانەکانی لەغوربەتا پێمان دەڵێ کەئەبێ شیعر بنوسین، لێرەوە دەپرسیین وەزیفەی شیعر چی یە ...

شیعر گەشتن نییە بەمەرزوبومێکی دیاریکراو، شیعر خودی ڕێگاکەیە، کەشاعیر بەچاو بەستراویشەوە دەتوانێ بەسانایی پێیایدا ڕاگوزەر بێ، واتە وەزیفەی شیعر چارەسەری کێشەیەکی دیاریکراو ناکات، بەڵکو بە مانیفێستکردنی دیوە شاراوەکانی کێشەکانە دەستبردنە، بۆ مەسەلە حەرام ونەوتراوەکان.

ئەم جورە لە ڕاستگۆییەی سەلام مستەفای شاعیر بۆ ژەنەڕاڵی پاییز لە توانستە شیعرییەکانی و هەستە باڵانماکانی کەم ناکاتەوە، بەڵکو هێندەی تر قەدو قامەتی سەلامی شاعییر باڵاتر دەکات و ئاستی گەشەی ئەدەبی شیعر بەرز دەنرخێنێ.

هەناسە بەجێماوەکانی ژەنەڕاڵ لەقامەتی پاییزدا..

گەر بەوردی دیوانە شیعریی قامەتی پاییز بخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێ، سەلام مستەفا وەک شاعیرێکی نزیکی محمد عومەر عوسمان زۆر بەشێیوەیەکی وەستایانە ئەم دیوانە شیعرییەی دارڕشتوە، هێندە بەشێوەیەکی شاعیرانە نوسیونی نزیک لەڕۆحی ژەنەڕاڵی پایزەوە کە هەست بکەین جورێک لە دڵنەواییەک بدات بە ئاشقانی محمد عومەر عوسمانی جوانە مەررگ کەڕێگای هەرگیز کوێر نابێ، ئەو ڕێچکەیەی گرتبویەبەر بۆ شیعر بەوفورمەی شیعر کە محمد عومەر عوسمان پێی دەنوسی، بەڵام بە خەسڵەتی نوسینی زمانی شیعری. سەلام خۆی توانیویەتی هەناسەکانی چێژو تایبەتمەندێتی لەغوربەتامان بداتێ بەدیوێکی تری تایبەت بە دنیابینیەکانی سەلام مستەفای شاعیر.. هەڵبەتە ئەو زمانەی سەلام لە دیوانی قامەتی پاییزدا پێی نوسیوە، جوان دنیابینی و ڕامان و تێفکرین و قوڵبوونەوەی ژەنەڕاڵی پاییزی باش خوێندۆتەوە تاوەکو بەزمانی شیعر پرسیاری نوێ لەناو دەقەکانی لەغوربەتا دروست بکات کە مۆرکی سەلامی شاعیری نانی پێوە بێت، ئەمەش پێمان دەڵێ نزیکی سەلام و محمد عومەر عوسمان تەنها هاونزیکی و هاوڕێ نەبووە، بەڵکو پاکبونەوەی ڕۆحی و قوڵبونەوەیان بووە لەناو ئێستاتیکای جوانی سروشت و تێفکرینیان بووە بۆ مەسەلە کەونییەکان، گەیاندونی بەم ئاستە بەرزە لەزمان و خەیاڵ و ڕوئیا بۆ دیاردەکانی دەوروبەریان. بەڵام هەریەکەیان بەدوو ئاڕاستەی جودا لەیەک، بەڵام لە فۆرمە گشتییەکەی شیعردا هاوتەریب بەیەک دەنوسن وەک لێرەدا سەلام مستەفا وەها دەدوێ:-

ئەمڕۆ هەنگاوێک لەڕۆژان زیاتر
گەر بەهەستی خۆی هەڵبنێتەوە
بەگوللەی شێتی ناوی لێئەنێن
ئاخر کەی شێت (با) ئەخوێنێتەوە

سەلام مستەفا، زۆر وەستایانە هاتوە لەناو دێڕە شیعرەکانی دیوانی لەغوربەتا بەشێوەیەکی هونەرییانە کاریکردوە و تاسەر ئێسقان بەرگری لە هاوڕێ شاعیرەکەی دەکات کە لە کۆپلە شیعرێکیدا محمەد عومەر عوسمان دەڵێ:

خەڵکی بەشێتم دەدەنە قەڵەم
نازانن کە (من ) با دەخوێنمەوە

سەلام هاوڕێ شاعیرەکەی باش دەناسێ و عومرێکە هاو ڕێگاو هاونووسین و هاو ڕوئیای جوان بون بۆ ئەدەبی شیعر، سەلام وەک ڕەقیبێکی زیندوو هاتوە بەنێو دێڕە شیعرەکانی لەغوربەتای محمد عومەر عوسماندا ئۆپراسیۆنێک سازدەکات و بە زمانی شیعریی وەڵامی ئەو بێ دادیی و ئەو بێ ویژدانییانە دەداتەوەو ڕاپێچی دادگای ئەدەبیان دەکاتەوە، کە ئیدی نەتوانرێ سەرچاوەی ڕوونی شیعری تەڵخ و لیڵ بکەن، کاتێک سەلام دەڵێ ئاخر کەی شێت با ئەخوێنێتەوە، ئەوە وەڵامێکە بۆ ئەوانەی لە قۆناغێک لەقۆناغەکانی نوسینی شیعری محمد عومەر عوسماندا، ناهەقیان دەرهەقی دەکرد و سەریان لەدنیا بینیەکانی ژەنەڕاڵی پاییز دەرنەدەکرد لەتاوانا ڕەقیان بەسەردا دەزراندو هەوڵیان دەدا لەبەهاو ماهیەتی و جوانی دەقەکانی لەغوربەتا کەم بکەنەوە، بەڵام دواجار هەر زمانی شیعرو ڕوئیاو فەلسەفەی جوانی شیعر لەهەموو قۆناغەکانی ژیاندا سەرکەوت و ئەوانەی دژایەتیان دەکردن مایە پووچ دەرچون، ئەوەتا سەلام مستەفا لەخۆڕا ناڵێ ئاخر کەی شێت با ئەخوێنێتەوە.؟

بەڕاستی سەلام مستەفا بە نوسینی ئەم دیوانەی سەلماندی کە ئاستی شاعیرێتی بەرەو بەرزی هەڵدەکشێ ، هەڵبەتە کاتێک ئەم دەستەواژەیە بەکاردەهێنم مەبەستم گەورەکردنی خودی سەلامی شاعیر نییە، بەڵکو مەبەستم زمانە شیعریەکەی سەلام مستەفایە لەم دیوانە تازەیەیدا، هەندێک جار لەشاعیرانمان کاتێک دەیانەوێ چوارینەیەک بنوسن دەکەونە ژێر کاریگەرێتی شاعیرانی کلاسیکەوە، بەتایبەت لە تەخمیسی شیعریەکاندا کە دەنوسرێن، بەڵام ئەوەی سەرنج بدات لە دێڕە شیعرەکانی دیوانی قامەتی پایزی سەلام مستەفا ئاستی ووردیی و توانایی سەلام مستەفای بۆ دەردەکەوێ لە نوسینی شیعرەکانیدا لەم دیوانەدا، چون سەلام نەهاتوە ئیش لە ناو چوارینەکانی پێشووی لەغوربەتادا بکات و تەکمیلەیان بکات. بەڵکو ئەوەی مایەی ڕامانە بۆ خوێنەران و ڕەخنەگران ئەوەیە سەلا مستەفا لەناو دێ بەدێی لەغوربەتادا بەئاڕاستەیەکی دژ کاریکردوە کەلەیەک کاتدا پرسیاری نوێ بوروژێنێ و وەڵامێکی نوێ ببەخشێ بە موتەلەقی کاتێک لەدیوانی لەغوربەتا بۆتەوەو بەقامەتی پاییزی سەلام مستەفا دەگات.

**وەک لێرەدا سەلام مستەفا ئاوها دەنوسێ:**

ئەوەرێ گەڵای ناو دڵی پاییز
ئەوەرێ خەمی ناو پەلکەکانی
شاعیرێ کاتێ بەخۆی دەزانێ
گشتیان ئەستێرەن بۆ (شان)ەکانی




بەدروستی سەلام جوان دایڕیشتوە بەبێ ئەوەی بچێتەوە سەر هەناسەو فۆرم و خەسڵەتی دێڕە شیعرەکانی لەغوربەتا، بەڵکو سەلام مستەفا کاتێک بەناو لەغوربەتادا دێتە دەرەوە بەزمانی خۆی بە ماناو فۆرم و تێگەیشتنی خۆی وەڵام بەدێڕە شیعرەکانی لەغوربەتا دەداتەوە کە مۆرکی تایبەتی سەلامی پێوەبێ، بەڵام لەیەک ئەتمۆسفێری دنیابینین بۆ پاییزکە محمد عومەر عوسمان لەدیوانی لەغوربەتا لەشیعری منم (ژەنەڕاڵی پایز ) ئاوها ی ووتوە :-

منم ژەنەڕاڵی پاییز
ئەستێرەکانی سەر شانم
چەند گەڵایەک بەڕەنگی زیوو

سەلام مستەفای شاعیر بەم دیوانە شییعریە تازەیەی بەناو قامەتی پایزدا بۆی سەلماندیین کە شیعر حیکایەتی گێڕانەوەی سەربوردەی هاوڕێ شاعیرەکەی نییە، هێندەی ئەوەی گەڕان و کەشڤکردن و دۆزینەوەی شێوازو قاڵبوونەوەی دنیای نوسینە لە فۆرمی زمانی تایبەت بەخۆی کە پرسیاری نوێ و وەڵامی ترمان دەداتێ، بە ژارەیەک کۆدو هێمای نوێەوە (قامەتی پاییز)ی سەلام مستەفا، ئیشکردنێکی ئێستیکایانەی زمانی شیعرە لەفۆرمێکدا کە پرسیارو دەلالەتی نوڕ دەهێنێتە ئاراوە کە مەدوێکمان دەداتێ جیاواز لە فۆرمە گشتیەکەی لەغوربەتا، بەڵام شوێن هەڵگری هاو ڕێگای تەمەنە شیعریەکەی. لێرەدا، هێزی خێرایی هەڵچوونە ڕاستەوخۆکانی زمانی شیعری لە قامەتی پاییزدا جوڵەیەکی بەخشیوە بەدەقەکان و بە موتەلەقی.

بەشێکی تر لە دەقی

# شەو نییە شانم بەر شانی مردن نەکەوێت



ئاوێتەکان شکان
دەموچاوەکان کەوتنە خوارەوە
مردویەک گاڵتە بەوەرزی قڵیشانی هەنار دەکات و
ژنێکی بێ نیشتیمان
شووشەی عەتری بەتاڵ کۆدەکاتەوە
لەتەرمیناڵەکاندا دەیفرۆشێت
من دەستم دەگرم بەدڵمەوە
بەناو گۆڕستانێکی پەرژوو بلاودا رادەکەم
بەدونیایەک خەونی پەشمەکیەوە
لەگەڵ مردووەکاندا قسەدەکەم
بەزۆر ئەیان هێنمە پێکەنین
بەزۆر دەستیان دەگرم و فێری پەرینەوەیان دەکەم بەسەر پردی سیراتدا!!
پێیان دەڵێم سەیری خوارەوە مەکەن
شەیتان بەکۆشێک خەنجەری کولەوە خۆی ماتداوەو
بۆئەوەی بکەونە خوارەوە
بتان خوات

ئاوێتەکان شکان
بەردەرگای ماڵەکەمان پڕبوو لەوردە شووشەی مرومۆچ
نازانم بۆ باران داناکات
دڵم بەرگەی ئەم هەموو تینوێتیە ناگرێت
رانەهاتوم یاری بەئاگر بکەم و
بە ئاو بڵێم ئەگەر ئازایت وەرە پاپێکەوە
دواگەمەی مەرگ بکەین و
سەرمان بکێشین بەداروبەردی ئەم مەملەکەتە جەنجاڵەدا
هەتا هێزمان تیایە
هاواربکەین هۆخەڵکینە ئەرێ کەسێک
خوای نەبینی بەکراسێکی دڕاوەوە بێرەدا بڕوات بۆکڵێسا

سەرم پێشێ
ئەزانم بەرگەی ئەم دڵڕەقییە ناگرم و
ئەبم بەهەزار پارچەوەو کرم تێمدەدات
بۆگەنی جەستەم ئەم دەڤەرە هەراسان دەکات
تاکەی بەرزە و دەستم ناگاتە ناوچەوانی خۆم و دەرگای ژوورەکەم بۆناکرێتەوە
شتێکم بۆناوترێت بمباتەوە
بۆگەڕەکە کۆنەکەمان و
لەوێ لەژێر سێبەری گۆرانیەکی تەنگە نەفەسدا
دامنیشێنێت

ئاوێتەکان شکان
نیشتیمان بوو بەهەزار پارچەوەو بابردی
ئەزانم بەرگەی ئەم هەمووە دڕۆیانە ناگرم
ئەترسم ڕۆژێک بەسەرخۆشی هەموو شتێک بدرکێنم و حەیام بچێت
نازانم بۆ باران نابارێت و ئەم هەموو دڵڕەقییە بشواتەوە
بەمردن بڵێت ئەوەندە بێرەدا
مەرۆ و ئەوەندە تەعلیق لەتەنیاییم مەدە

شتێکم بۆناوترێت
تاکەی بەرز بەرز بۆتەوە جێگا بەخۆم ناگرم
خەڵکی ئەم مەزاتخانەیە
سەریان لێشێواندوو
خۆم بۆناناسرێتەوە ئەڵێی کەسێکی ترم لەسەر مووتوربەکراوە
شەوانییە هەزار کەرەت بەدەم خەوەوە
ڕانەچڵەکم

ئاوێتەکان شکان
من بەدڵێکی هەلا هەلاوە گۆرانی بۆمردووەکان دەڵێم
فوو لەخوێنی مەیوە سەرکردە خۆفرۆشەکان دەکەم
دەستم ناوەتە بینە قاقای خۆم و
پڕ بە حەسرەتی ئەم نیشتیمانە سەربڕاوە
هاواردەکەم
ئەم خوێنە بگرنەوە گرێیەک لەلێوی
تەنیایی من بدەن
ئاخر شەوو نییە شانم بەرشانی مردن نەکەوێت
.............

حەکیم میرزا
٢٦/٩/٢٠٢١

کۆشەی ئەدەب و هونەر

# کەلەپوتی بێباکن!

بەرپرسانی کوردستان، کەلەپوتی بێباکن
عەقڵ ژەنگرتوویی کۆنەن، بێ خەم وگرژومۆنن.
عاشقی پارەو رابواردن، لەناو دەسەڵات ورگن
سروودی ئەی ڕەقیب ئەڵێن،گەنجانیش وەدەر دەنێن.
بەقەومی وئیسلامییەکان، وێرانیان کرد کوردستان
لەدرۆ وفێڵیش لێهاتوون، تا پارەی گشتی بدزن .
خەڵک کەدیتە شەقام لە دژی بێ مافییەکانیان
خۆیان دەکەن پشتیوان بەئیسلامی وقەومییەکان.
گشت حیزبە ئیسلامییەکان ،هەروەک کەری ناو جۆگان
لەم بەروبەریش دەخۆن ،خۆشیان بێ گوناح دەکەن.
بنەماڵەی خێڵەکان داهێنەری یاساکان
گشت یاساکانی وڵات قازانجە بۆ زاڵمەکان
کرێکاران ،هەژاران بێ بەشن لەخۆشی ژیان
خوێندکارو مامۆستاکان بەرشەق دەدرێن لەخیابان .
خەڵک زیاتر بێکارن،لەماڵیشیان بێ نانن
ناکرێت چیتر بوەستین، ڕێ لەکەلەپۆت نەگرین
ئەبێ شۆڕشێک بکەین ،تاکرێکار ڕزگاربکەین
بەرزگاری کرێکاران،ڕزگار دەبێت گشت ئینسان.
یەکگرتوو بێت تێکۆشان،هاوشانی کرێکاران
دەسەڵات ویاساکان هەر وەک یەک بێت بۆ هەمووان.

عبدالرحمن رەسول



# ڕۆژنامەنووسان و ستوون نووسانی عەرەب: تاڵیبان و قاعیدە و برایانی موسوڵمان و حیزب الله یەك ئایدۆلۆجی هاوبەشیان هەیە!

## سەرچاوە: میدڵ ئیست میدیا ڕیسێرچ ئینستیتیوت(مێمری)

## وەرگێڕانی: حەسەن ڕازانی

هەر بەدوای هاتنە سەر حوکمی تاڵیبان لە ئەفغانستاندا، میدیای جیهانی عەرەبی بەتایبەتی ڕۆژنامەکانی سعودیەو ئیماڕات چەندین مەقالەیان بڵاوکردەوە کە پێیان وایە تاڵیبان هاوبەشە لەزۆر ڕووەوە لەگەڵ ڕێکخراوە توندڕەوەکانی تری جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، لە نێویاندا قاعیدەو داعش و برایانی موسڵمان و حەماس و حیزب الله یە. لەو نووسینانەدا دەگوترێت کە برایانی موسڵمان کە لە لایەن (سەید قوتب)ی تیۆریستییەوە و حەسەن بەننای دامەزرێنەریەوە شکڵ بە ئایدیۆلۆجیەکەی دراوە، وە تۆمەتی هەرتەقەو هەڵگەڕاوە لە دین دەداتە پاڵ هەرموسڵمانێک کە لەگەڵ ئەوان نەبێت، هەروەها بووەتە هۆی هەڵکشانی ڕێکخراوە ئیسلامیە توندڕەوەکانی تر کە لە دواییدا سەریان هەڵدا. لە نێو ئەمانەشدا قاعیدە بوو کە ڕابەرەکانی بریتیبوون لە ئوسامە بن لادن و ئەیمەن ئەلزەواهیری کە هەردووکیان کەوتبوونە ژێر کاریگەری نووسینەکانی سەید قوتبەوە.

لەو وتارانەدا دەگوترێت: "هەر لەبەر ئەمەشە کە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە برایانی موسڵمان لە چەندین وڵاتی جیاجیا، سەرباری ئەو دوژمنایەتییە مێژوویەی کە لە نێوانی( ب.م) ی ئەفغانی و تاڵیبان دا هەبوو، کەچی بە پەلە پیرۆزباییان لە تاڵیبان کرد هەر ئەو ڕۆژەی کە کورسی دەسەڵاتیان کەوتە دەست. ئەو نووسەرانە دەشڵێن هەموو ئەو ڕێکخراوانە نەک هەر لە ڕووی ئایدۆلۆجییەوە لەیەک دەچن، بەڵکو لە کردەوەشدا هەروەک یەکن. دەڵێن گوایە تەقوا دەکەن، بەڵام ئایین بەکاردەهێنن بۆ فێڵکردن لە خەڵک و بۆ ئەو مەبەستەش شێعاڕاتی درۆیینە بەرزدەکەنەوە بۆ ئەوەی لەبەرچاوی خەڵک و دنیا وێنایەکی ئەرێنییانە بەخۆیان بدەن. بەڵام هەر کە هاتنە سەرحوکم ڕێک پێچەوانەی شیعارەکانیان، کە تەنها بۆ تەرویج پێدانی ئامانجەکانیانە، دەکەونە کار.

وا لە خوارەوە چەند پەڕەگڕافێک وەک نموونە لەوبارەوە لە نووسینی چەند ڕۆژنامەنووسێک و ستوون نووسێکی عەرەبی بڵاودەکەینەوە:

نووسەرێکی ئیماڕاتی دەنووسێت: ئایدۆلۆجییەتی برایانی موسڵمان بووەتە سەرچاوەی ئیلهامبەخش بۆ هەموو ڕێکخراوە ئیسلامیە تیرۆریستەکان.

د. سالم حمید، لێکۆڵەرو شرۆڤەکاری سیاسی ئیماراتی، لە ستوونێکیدا کە لە ڕۆژنامەی ئیتیحاد لە ٢٩ی ئابی ٢٠٢١ دا بڵاوبووەتەوە دەڵێت: "زۆرێک لە ڕێکخراوی توندڕەوی ئیسلامی، کە لە نێویاندا داعش وحەماس و حوسییەکان و قاعیدەشە، لە بنچینەدا ڕەگ و ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ (ب.م) و هەر لە ئایدیۆلۆجی (ب.م)ەوە ئیلهامیان وەرگرتووە". هەر بۆیەش جێگەی سەرسوڕمان نییە کە لە زۆریک لەوڵاتانی عەرەبیەوە (ب.م) پیرۆزباییان لە تاڵیبان کرد کە لە ئەفغانستان هاتنە سەر حوکم. ئەو نووسەرە دەڵێت:"برایانی موسڵمان، داعش، حیزب الله و چەندین ڕێکخراوی تر جیاوازن لە یەکتری لە ڕووی سەرچاوەی دەسەڵاتدارێتییانەوە، لە ڕووی ئامانجەکانیان و هەروەها لە ڕووی سیاسەتیانەوە، بەڵام یەک شت کە هەموویان هاوبەشن تێیدا ئەویش بریتییە لەبەکارهێنانی ئایین وەک هۆیەک بۆ فێڵکردن لە خەڵک. ئەو ڕێکخراوانە هەمیشە قسە دەربارەی گەڕانەوە بۆ شەرع و دەستووری ئیسلامی دەکەن، بە بەردەوامی هەوڵی گونجاندنی دەدەن لەگەڵ ئامانجەکانیان کە بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی بیرو مێشکی خەڵکی".

کاریگەری (ب.م) لەسەر ڕێکخراوە تیرۆریستەکان کە پێیان وایە ئەوان موسڵمانی ڕاستەقینەن کاریگەرییەکی زۆرە. بیرۆکەکانی سەید قوتبی تیۆریستی (ب.م) بوون بە سەرچاوەو هەوێنی دەسەڵاتدارێتی بۆ زۆرێک لەو ڕێکخراوانە. سەید قوتب تۆمەتی هەرتەقەبوونی دەدایە پاڵ هەموو ئەو موسڵمانانەی کە بیرۆکەو ڕێباز و میتۆد یاخود جۆری لێکدانەوەو تێگەییشتنی ئەویان بۆ ئایین بەدڵ نەبوو. هەر بەهەمان شێوەی ڕابەرانی ڕێکخراوە توندڕەوەکانی زۆرێک لە وڵاتان، یاخود بە هەمان شێوەی حەسەن بەننای دامەزرێنەری (ب.م) کە موسڵمانانی دابەشکردن بۆ دوو کامپی باوەڕداران کە تەنها (ب.م)ی دەگرتەوە و کامپی باتڵیش کە هەموو ئەوانەی تری دەگرتەوە. بۆیە بە ڕاستی ئەمەیە جێگاو ڕێگای هەموو ئەو ڕێکخراوە توندڕەوانەی کە تۆمەتی هەرتەقە بوون دەدەنە پاڵ ئەوانەی کە جیاوازن لەگەڵیاندا. هەرچەندە ئەوانە لەسەر بنچینەی جیاجیاو هێڵی جیاواز گەشەیان کردووە بەڵام ڕێکخراوەکانی ئیسلامی سیاسی لە نێوخۆیاندا زۆر کاریگەر بوون بە یەکتری، هەتا هەندێک دەڵێن کە ڕابەرەکانی قاعیدە لە وێنەی ئوسامە بن لادن و ئەیمەن ئەلزەواهیری نووسینەکانی سەید قوتبیان بەسەرچاوەی کارو ڕێگای خۆیان داناوە.




"من بۆیە ئەوە دەڵێم چونکە (ب.م) زیاتر لە یەک وڵاتی عەرەبی پێشوازیان لە تاڵیبان کرد کە لە ئەفغانستان هاتنە سەر حوکم و گەییشتنە کابوڵ. بۆ نموونە برایانی موسڵمان لە سوریا بەیانێکیان دەرکرد و تێیدا پیرۆزباییان لە تاڵیبان کردو بە سەرکەوتنی ئەفغانستانیش ناویان هێناو وتیان ئەوە ئاهەنگی ڕاستەقینەیە بۆ هەموو خەڵکێکی بەشەرەف. هەروەها (ب.م) لە غەزە، کە بە حەماس ناسراوە، ئەوانیش لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە کە لە لایەن ئیسماعیل هەنییەی سەرۆکیان ئەنجام درا بۆ هاوتاکەی بە ناوی عەبدولغەنی برادەر سەرۆکی ئەفغانستان پیرۆزبایی خۆیان گەیاندە تاڵیبان. (ب.م) لە میسریش خۆشحاڵی خۆیان بۆ هاتنە سەر کاری تاڵیبان دەربڕی. هەموو ئەو پیرۆزبایی و خۆشحاڵییەی (ب.م) یش بە هاتنە سەرحوکمی تاڵیبان لە ئەفغانستان دا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پاش ئەوەی تورکیا دەستی کرد بە ئامادەکاری بۆ دەرکردنی ئەندامانی (ب.م) لە تورکیا کە لە میسرەوە ڕایانکربوو، ئێستا ئەو ئەندامانەو (ب.م) بیر لە ئەفغانستان دەکەنەوە وەک جێگرەوەی تورکیا بۆ خۆیان بۆ ئەوەی ئیدامە بە کارو چالاکی سیاسی خۆیان بدەن".

"جا بۆ ئەوەی تێگەییشتنێکی فراوانترمان هەبی لە وێنەکە، گرنگە کە تێبینی ئەوە بکەین کە وا ئێستا (ب.م)، کە لە وێ پێیان دەگوترێت داعش، خودی خۆیان لە ئەفغانستان خۆشحاڵی خۆیان دەربڕیوە بە هاتنە سەرحوکمی تاڵیبان. وە هیوای ئەوەیان هەیە کە ئەوانیش پشکێکیان پێبدرێت لە حکومەتی ئەفغانستان بە تایبەتی کە تاڵیبان ڕایانگەیاند کە ئەوان دەیانەوێت لایەنەکانی تریش بەشداری پێبکەن. بەڵام ئایا لە دوا ڕۆژدا دەبێ ئەوە ببێتە گرفتی مێژوویی نێوان ئەو دوو بزووتنەوەیە؟".

"بە کورتی، سەرباری دوژمنایەتی مێژوویی نێوان (ب.م) و تاڵیبان، (ب.م) لە زۆرێک لە وڵاتان بە پەلە هەر بە هاتنەسەر کاری تاڵیبان خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی. ئەوەش هەوڵدانێک بوو بۆهەڵدانەوەی پەڕەیەکی تازە لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو بزووتنەوەیە. پەیامەکانی پیرۆزبایی لە زۆرێک لەو وڵاتانەوە هاتن بۆ تاڵیبان کە (ب.م) تێیاندا چالاکن و هەتا لەو وڵاتانەشەوە هاتن کە ئەندامانی (ب.م) تێیاندا وەک مەنفی و دەرکراو دەژین. بەڵام ئەمە شتێکە و دیاردەیەکی نائاسایی نییە کە چاوێک بخشێنین بە مێژووی (ب.م) کە پڕە لە هەلپەرستی و فێڵکردن لە خەڵک و چەواشەکاری.

نووسەرێکی سعودی دەڵێ: برایانی موسڵمان هیچ جیاوازتر نین لە تاڵیبان وحەماس و حیزب الله؛ و هەمان بۆچوون و تێگەییشتنی قاعیدەیان هەیە.

مشاری الذایدی، ڕۆژنامەنووس و نووسەری سعودیە لە ستوونێکیدا کە لە ڕۆژنامەی شرق الاوسط لە ٣-٩-٢٠٢١ دا بڵاوبووەتەوە بە هەمان چەمک و تێگەیشتنەوە دەڵێت:" پرسیارم لە بەرپرسێکی دیارو گەورەی عەرەب کردو وتم بە بڕوای تۆ کامیان زۆر ترسناکترە داعش یان قاعیدە؟ ئەو بە بێ ڕاوەستان و دوودڵی وەڵامی دامەوەو وتی بە دڵنیاییەوە قاعیدە. گوتم بۆچی؟ ئەو گوتی چونکە قاعیدە زۆرتر مولتەزیمە بە جێبەجێکردنی پلانەکانی( ب.م)وە. لەو بارەوە، ئەوان دەڵێن بن لادن خودی خۆی یەکێک بووە لە شوێنکەوتوانی (ب.م). هەروەک کە، لۆڕەنس ڕایت، توێژەری ئەمەریکی لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بە ناوی (ئەو بورجەی وەکو تارمایی دەردەکەوێت) ڕوونی کردۆتەوە و دەڵێ: "زووربەی سەرکردە باڵاکانی قاعیدە بەرهەمی( ب.م)". دەبێ ئێمە ئەوەش بزانین کە ئوسامە بن لادن و جێگرەکەی ئەیمەن الزەواهیری خۆشحاڵ بوون بە بەلارێدابردنی بەهاری عەرەبی لە ساڵی ٢٠١١ لە لایەن برایانی موسڵمانەوە.

لە هەندێک ڕووەوە، سەرباری هەندێک گلەیی و ڕەخنە لە یەکتری لە ناوخۆیاندا، قاعیدە بە باڵی سەربازی( ب.م) دادەنرێت. هەروەها قاعیدەو (ب.م) هەردووکیان هەمان دیدو بۆچوون و تێگەیشتنیان هەیە دەربارەی سرووشتی ئیسلام و موسڵمانان و جیهانیش. ئەوەش ڕوونە کە قاعیدە پەیوەندی لەگەڵ بزاوتە ئیسلامیە سیاسیەکانی سەر بە خومەینیشەوە هەیە، ئەو پەیوەندییەی کە خزمەت بە بەرژەوەندی و چالاکییە هاوبەشەکانی هەر دوو لا دەکات. هەر هەمان پەیوەندیش لە ئارادایە لە نێوانی( ب.م) و ئەو بزاوتە ئیسلامیە سیاسیانەی کە سەر بە خومەینین و لە لایەن ئێرانەوە هاوکاری دەکرێن وەک ئەو ڕێکخراوانەی کە لە عێرا ق و یەمەن دا هەن .

جێگەی باسە کە داعش بەو هەموو توندوتیژی و بەربەریەتەی کە پێی ناسراوە، کەچی ئەو هەموو تۆڕی پەیوەندیانەی نین کە (ب.م) هەیانن لەگەڵ دنیا. داعش ئەو پلانە درێژخایانەی ( ب.م)ی بەلارێدا برد کە بریتی بوو لە دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی. هەربۆیەش داعش کەوتە بەر ڕەخنەبارانی (ب.م) کاتێک کە خەلافەتیان ڕاگەیاند. (ب.م) وتیان داعش ئەو کارەی بەبێ ئەوەی پرس بە مەرجەعی دەسەڵاتی ئیسلامی بکات کردووە، کە دیارە مەبەستیان لەو مەرجەعە هەر لە (ب.م) خۆیانە.

ئێمە ئەمڕۆ لە ئەفغانستاندا ناتوانین هیچ جیاوازییەک بکەین لە نێوانی ئەو جۆرو ڤێرژنەی ئێستای تاڵیبان لەگەڵ چالاکی و زمان و ڕوحی ڕێکخراوەکانی (ب.م) کە لەم دواییانەدا بەرەو پێشچوونێکیان بەخۆوە بینی کە بە دڵنیایەوە بەرەو خراپتر ڕۆییشتوون. وە نە دەشتوانین جیاوازی بکەین لە نێوانی تاڵیبان و حەماسی فەلەستین یاخود حیزب اللەی لوبنانی لە ڕووی فێڵ وتەڵەکەی سیاسییان و چۆنایەتی پەیوەندیەکانیان .

ئەمریکا ئێستا هەوڵی ئەوەدەدا کە پێمان بڵێ ڕیشەی کێشەکە لە ئەفغانستان دەگەڕێتەوە بۆ داعشی خوڕاسانی. هەر بۆیەش مارک میلی، سەرۆکی ئەرکانی هێزە هاوبەشەکانی ئەمریکا، لە وەڵامی پرسیارێکدا کە" ئاخۆ ئەمریکا هاوکاری تاڵیبان دەکا لە دژایەتییان بۆ داعشی خوراسانی؟ ئەو وتی ڕێی تێدەچێ".

بەڵام کەس باسی قاعیدە ناکات، هەرچەندە ئەو ئێستا هاوپەیمانی تاڵیبانە. یەکەم لایەن کە پیرۆزبایی لە تاڵیبان کرد هەر کە حوکمیان بە دەستەوە گرتەوە لە ئەفغانستان قاعیدە بوو. هەروەها ئێرانیش بەردەوامە لە داڵدەدان و مەشقپێکردنی سەرانی تاڵیبان و سەرانی قاعیدە. هەموو ئەم شتانە بەباشی زانراوون و پێویستیان بە ڕوونکردنەوەی زیاتر ناکات.

ئێستا شتێک نەماوەتەوە کە شاراوە بێت بێجگە لەو ڕاستییەی کە مەلاو پێشەوا دینییەکانی پارێزگاکانی وەک قەندەهار و هێلمەند باشتر مەشقیان وەرگرتووە و باشترو زیاتریش تواناکانیان هەیە هەم لە ڕووی سەربازییەوە و هەم لە ڕووی سیاسیشەوە. هەر بۆیەش ماوەتەوە بڵێین ئاخیری خێر بێت بۆ ئەفغانستان و هەروەها بۆ خەڵکی تریش.

نووسەرێکی فەلەستینی لە ماڵپەڕی ئیلافی سعودیەدا دەنووسێت: تاڵیبان و حیزب اللە وحەماس و برایانی موسڵمان شیعاری درۆینەیان بە گوێی جیهاندا دا و جێگاو ڕێگای خۆشیان بەکار هێنا بۆ گەشەپێدان و جێبەجێ کردنی مەرام و ئەجینداکانیان.

فاضل المناصفە، ڕۆنامەنوسی فەلەستینی کە ڕۆژانە لە ماڵپەڕی ئیلافی سعودی دا دەنووسێت، لە ٢٨ی ئابی ٢٠٢١ دا نووسیویەتی کە تاڵیبان لە زۆر ڕووەوە لە حیزب اللە و حەما س و(ب.م ) دەچێت. ئەو دەڵێت هەموویان شیعاری درۆینانە دەدەن بە گوێی خەڵکدا بۆ ئەوەی وێنایەکی ئەرێنی لە جیهاندا بۆخۆیان درووست بکەن، بەڵام هەر کە هاتنە سەر دەسەڵات ڕێک پێچەوانەی شیعارەکانیان ڕەفتارو مامەڵە دەکەن، هەر ئەمەشە کە خزمەت بە ئەجینداکانیان دەکات. ئەو ڕۆژنامەنووسە دەنووسێت" هەرچەندە لە حاڵەتی ئێستادا تاڵیبان هەوڵی ئەوە دەدا کە ڕووکارێکی مۆدێرنانە لەخۆی نیشانی جیهان بدات و بەڵێن دەدا کە بەپێی ڕێبازو بەهاکانی ئیسلامی!! ڕێزی مافەکانی مرۆڤ بگرێت و بە تایبەتیش مافەکانی ژنان. بەڵام بە پێی ئەو وێنانەی کە لە کابوڵەوە دەگەنە دەرەوە، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی ژن دەکەن و ڕێگرییان بۆ درووست دەکەن لە چوونە ژوورەوەیان بۆ ئۆفیسەکانی میدیا، ڕێک پێچەوانەی بەڵێنەکانیان ڕەفتار دەکەن بە تایبەتی لەبەرامبەر ژناندا. هەروەها سەرباری ئەوەش زۆرێک لە ساڵۆنی جوانکاری و قژبڕینیان داخستن و هەموو لەوحەکانی ئیعلاناتیان تێکدا کە وێنەی ئافرەتیان تێدا بەکار هاتووە.

"ئەوەی کە ئێستا تاڵیبان دەیڵێت لەبۆنەو کۆڕو کۆبونەوەی خەڵک و لە ڕاگەیاندن دەردەکەوێت نابێتە جێگای سەرسوڕمان، چونکە ئەوە تەنها لەبۆ ڕاگەیاندنەکانەو کورت ماوە دەبێت و زۆر ناخایەنێت. ئێمە حوکم و دەسەڵاتی تاڵیبانمان لەبیر ناچێتەوە لە ١٩٩٦ وە بۆ ٢٠٠١ کاتێک کە هەوڵیاندا بۆ ئەوەی وێنایەکی ئەرێنیانە پیشانی ڕاگەیاندنەکانی دەرەوە بدەن، وایان نیشاندا کە ئەوان گرنگی بە ئیسلامی مۆدێرن دەدەن کە ئەوەش ناجوور نییە لەگەڵ داب و نەریتی خەڵکی ناوچەکە، بەڵام هەر زوو یاسا توندوتیژیەکانی خۆیان سەپاند. لەو نێوەدا کارکردن و خوێندنیان لە ژنان قەدەغەکرد، لە ژنانیان قەدەغە کرد کە بە تەنیا لە ماڵ بچنەدەرو دەبوایە کەسێکی نێرینەی خزمیان لەگەڵدا بێت، هەروەها دارکاری و شەلاق و ئیعدام کردنی ژنان لە ناو مەیدانەکانی وەرزش و مەیدانە گشتیەکاندا دەستی پێکرد و لە نێویشیاندا بەردبارانکردن بوو لەسەر زینا.

"چەندین خاڵی هاوبەش هەن لە نێوانی تاڵیبان و عەرەبە هاوشێوەکانیان لەڕووی میتۆدی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات. ئەوەتا حیزب اللەی لوبنان چەندین شیعاری بۆ ناوخۆی لوبنان بەکارهێنان، لە نێویاندا بەڵێنی ئەوەی بە خەڵکی خواروی لوبنان دا کە خۆشگوزەرانیان بۆ بێنێتە دی، هەروەها بەرزکردنەوەی شیعاری وەک ڕزگاری و بەرەنگاری بۆ ئەوەی لە لایەکەوە جەماوەری ناوچەکە بەلای خۆیدا ڕابکێشێ و لە لاکەی تریشەوە وا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگەێنێت کە ئەوان بە زەبری هێز نەهاتوونەتە سەر حوکم بەڵکو ئەوە خەڵکی خواروی لوبنانن کە پشتیوانییان لە ڕێبازی بەرەنگاری کردووە. هەروەها حیزب اللە بەڵێنی ئەوەشی دا کە مانەوەی ئەوان لە خوارووی لوبنان تەنها بە مەبەستی بەرەنگاری و پاراستنی خاکی لوبنانە لە داگیرکاری ئیسرائیل و هیچ مەبەستیان نییە کە لە ناوچەکەدا ڕۆڵ بگێڕن. بەڵام وا دەرنەچوو، چونکە هەرزوو ڕاکێشرایە ناو هاوپەیمانێتی لەگەڵ کەسە گەندەڵکارەکانی ناو حکومەت و خۆی نوقمی سیاسەت کرد. بەمەش بە تەواوی داماڵرا لەو وێنەو بەڵێنانەی کە پێشتر دابوونی و لە دواجاریشدا خۆی کردە هێزی یەکەم وکاریگەر لە تەواوی لوبنان دا".

"هەرلە نزیکی لوبنان ئەوەتا ڕێکخراوی حەماس دەسەڵاتی لە کەرتی غەزەدا بەدەستەوە گرت و (ب.م)یش هەمان کاریان لە میسر ئەنجامدا و هەردووکیانیش خیتابی دینییان بۆ مەرام و ئەجینداکانی خۆیان بەکارهێنا. لە کاتێکا کە ئەوانە پشتگیرییان دەکرد لە بەرەنگاری و خۆڕاگری و تێکشکاندنی دوژمن و حوکمی ژیرانە و بە پێی شەریعەتی ئیسلامی، بەڵام هەر کە دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت ئەو بەڵێنانەی کە بە خەڵکیان دابوو بوونە بڵقی سەرئاو و شیعارەکانیشیان تەنها لە پێناوی مەرام و ئەجینداکانی خۆیان دا بوون.

https://www.memri.org/reports/arab-journalists-columnists-taliban-al-qaeda-muslim-brotherhood-and-hizbullah-share-similar

*** نووسەرێکی ئیماراتی دەنووسێت: ئایدۆلۆجییەتی برایانی موسڵمان بووەتە سەرچاوەی ئیلهامبەخش بۆ هەموو ڕێکخراوە ئیسلامیە تیرۆریستەکان...**

*** نووسەرێکی سعودی دەڵێ: برایانی موسڵمان هیچ جیاوازتر نین لە تاڵیبان وحەماس و حیزب الله؛ و هەمان بۆچوون و تێگەییشتنی قاعیدەیان هەیە....**

***نووسەرێکی فەلەستینی لە ماڵپەڕی ئیلافی سعودیەدا دەنووسێت: تاڵیبان و حیزب الله وحەماس و برایانی موسڵمان شیعاری درۆینەیان بە گوێی جیهاندا دا و جێگاو ڕێگای خۆشیان بەکار هێنا بۆ گەشەپێدان و جێبەجێ کردنی مەرام و ئەجینداکانیان ....**



## د.خامۆش عومەر: لە عێراقدا، بەهۆی فشاری جەماوەری و خۆپیشاندانەکان، حکومەت ناچارکرا پەنا بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان ببات، وەك وەڵامدەرەوەیەکیش بێت بۆ یەکێك لە داواکاریەکانی خۆپیشاندەران

# دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەرێز پرۆفیسۆر د.خامۆش عومەر پسپۆر لە یاسای دەستوری سەبارەت بە هەڵبژاردنی پێشوەختە لە عێراق ...

## دەرئەنجامی چەندین هۆکار، هەڵبژاردن لە عێراق گۆڕانکاری ڕیشەیی بەدوای خۆیدا ناهێنی، چونکە دواجار ئەو هەڵبژاردنە هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد نابێت ...

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە لایەنە یاساییەکەی هەڵبژاردنە پێش وەختەکەی عێراق؟**

**د.خامۆش عومەر:** بەهۆی ئەو فرە حزبیەیەی کە لە عێراقدا هەیە، لەبەر ئەوەشی هیچ حزبێک نەیتوانی زۆرینەی پەرلەمانی بەدەست بهێنێت، ناچار حکومەتی ئیئتلافی دروستکرا. ئەزموونی وڵاتانیش لەبارەی حکومەتی ئیئتلافی ئەوەمان پێدەڵێت کە تەمەنی ئەو جۆرە حکومەتانە کورتە، بەهۆکاری ناتەبایی نێوان لایەنە سیاسیەکان، بەردەوام ئەو جۆرە حکومەتانە لە قەیراندان. لە عێراقیشدا، بەهۆی فشاری جەماوەری و خۆپیشاندانەکان، حکومەت ناچارکرا پەنا بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان ببات، وەک وەڵامدەرەوەیەکیش بێت بۆ یەکێک لە داواکاریەکانی خۆپیشاندەران. یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٢٠ گۆڕانکاری کردووە لە جۆری سیستەمی هەڵبژاردن، بەجۆرێک جاران عێراق بەسەر (١٨) بازنەی هەڵبژاردن دابەش دەکرا، هەر پارێزگایەک بەگوێرەی سنورە کارگێڕیەکەی دەبووە بازنەیەکی هەڵبژاردن، سیستەمی هەڵبژاردنەکەش سیستەمی ڕێژەیی بوو، بەڵام لە ئێستادا هەر پارێزگایەک بەسەر چەند بازنەیەکی هەڵبژاردن دابەشکراوە، و سیستەمەکەش گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، کام کاندید دەنگی زیاتر بهێنێت لە بازنەکە سەرکەوتوو دەبێت، دەنگەکانیش لە بازنەیەکەوە بۆ بازنەیەکی تر ناگوێزرێتەوە.

ئەو جۆرە سیستەمە بە دڵنیاییەوە لە بەرژەوەندی حزبە گەورەکانە، چونکە دەرفەتی سەرکەوتنی حزبە بچوکەکان لە بازنەی بچوک ئەستەم دەبێت، ئەگەر نەڵێین مەحاڵ دەبێت. هەروەها ناوچەی نفوزی حزبە باڵادەستەکان تۆختر دەکاتەوە، ئەو جۆرە سیستەمە بۆ عێراق هێشتا زوو بوو، چونکە کۆمەڵێک گرفتی تەکنیکی لەبەردەمیدایە.

**بۆپێشەوە: ئەو گرفتە تەکنیکیانە چین، کە لە بەردەم ئەو جۆرە سیستەمەنە؟**

**د.خامۆش عومەر:** لەسەرەتادا دەبێت داتای ورد هەبێت لە بارەی ژمارەی دانیشتوان، تاوەکو ئێستاش سەرژمێری گشتی لە عێراق نەکراوە، بۆیە بەناچاری پشت بە کۆپۆنی خۆراک دەبەستن بۆ دیاریکردنی ژمارەی دانیشتوان، ئەوەش بەدڵنیاییەوە کەم و کوڕیەکی زۆری تێدایە، هەروەها دەبێت ژمارەی دانیشتوانی قەزاو ناحیەکان بزانرێت، بۆ ئەوەی هاوسەنگی هەبێت لە نێوان ژمارەی دانیشتوانی بازنەکان و ژمارەی کورسی تەرخانکراو بۆ بازنەکە، لەپاڵ ئەوەشدا دەبێت هاوسەنگی هەبێت لە نێوان بازنەکان، بەڵام دەبینین دارێژەرانی یاساکە بازنەکانیان بەشێوەیەک دابەشکردووە کە ئەنجامەکانی لە بەرژەوەندی خۆیان تەواو بێت، هەروەها هیچ جۆرە گەرەنتیەک نییە بۆ هاوسەنگی نێوان ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی کورسی. لەوڵاتانی پێشکەوتوو دادگای دەستوری وڵات بەو ئەرکە هەڵدەستێ، بەجۆرێک توانای هەڵوەشاندنەوەی دابەشکاری بازنەکانی دەبێت ئەگەر لادانێکی زۆری بەدیکرد لە لاسەنگبوونی هاوسەنگی. هەروەها سیستەمی ئەلیکترۆنی بەکاردەهێنرێت بۆ ئەژمارکردنی دەنگەکان، ئەو پرۆسەیەش لە هەڵبژاردنی پێشوو شکستی هێنابوو، ڕووبەڕوی ڕەخنەیەکی زۆر بوەوە، بەڵام یاسادانەران جارێکی تر پەنای بۆ سیستەمی ئەلیکترۆنی بردووە!

**بۆپێشەوە: ئەو گۆڕانکاریە یاساییانە چین کە گیراوتە بەر بۆ ڕێگریکردن لە ساختەکاریەکان؟**

**د.خامۆش عومەر:** لەڕاستیدا هیچ گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی بەدی ناکرێت لە یاساکە بۆ بنبڕکردنی دیاردەی ساختەکاری بەبەراورد بە یاساکانی تر، ڕاستە بەشی هەشتەمی یاساکە تەرخانکراوە بۆ دیاریکردنی تاوان و سزاکان، ئەو بەشە لە ڕووی تیۆریەوە دەتوانین بڵێین بەشی هەرە زۆری کردەوەی ساختەکاری لەخۆ دەگرێت، بەڵام گرفتەکە لە جێبەجێکردندایە، چونکە دیاردەی ساختەکاری بەشێوەیەکی ڕێکخراو ئەنجام دەدرێت، تاوەکو ئێستاش ئیرادەیەکی سیاسی ئەوتۆ بەدی ناکرێت بۆ بنبڕکردنی ئەو دیاردەیە. ڕووبەڕووبونەوەی دیاردەی ساختەکاری تەنها بە یاسا ناکرێت، بەڵکو پێویستی بەهۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە هەیە، ئەوەش پرۆسەیەکە پێویستی بەوەیە دەسەڵاتی سیاسی بەهەموو توانایەوە پاڵپشتی بکات، تاوەکو ئەو دیاردەیە هەنگاو بەهەنگاو قێزەون بکرێت، ئەنجامدەرانی بە سزای یاسایی خۆیان بگەیەنرێن، تاوەکو جارێکی تر کاری لەو شێوەیە ئەنجام نەدەن، و ببنە عیبرەت بۆ کەسانی تریش کە بیر لەو جۆرە کارە نەکەنەوە.

**بۆپێشەوە: دەکرێت لەژێر سایەی ناەمنی، هێزی چەکدار و بەخشینەوەی پارە و دەستێوەردانی دەرەکیدا، هەڵبژاردنێکی لانی کەمی بێساختە و تەزویر بەڕیوە بچێت؟**

**د.خامۆش عومەر:** ئەنجامدانی هەڵبژاردنێک کە پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی هەڵبژاردنی پاک و بێگەردی لەسەر بچەسپێنرێت، پێویستی بە دەستەبەرکردنی کۆمەڵە توخمێکە، لەوانە دیاریکردنی بازنەکان بەو شێوەی کەباسمان لێوەکرد، ئامادەکردنی تۆمارێکی دەنگدەرانی کە پاککرابێتەوە لە ناوی دووبارە و مردوو...، دەستەبەرکردنی ئازادی ڕادەربڕین و و کۆبونەوەو و پێکهێنانی حزبی سیاسی، یەکسانی لەنێوان پاڵێوراوان لە ڕووی دەرفەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، نهێنی دەنگدان، هەڵبژاردنی دەوری، یەکلایکردنەوەی ململانێیەکانی هەڵبژاردن لەلایەن دەسەڵاتێکی دادوەری بێلایەن، بوونی چاودێریەکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی کارا ....هتد.

بەدڵنیاییەوە ئەو کەش و هەوایە لەژێر ڕۆشنایی دۆخی ناسەقامگیری و باڵادەستی هێزە چەکدارەکان زۆر ئەستەمە. ئەوە جگە لەدەستێوەردانی دەرەکی، کە عێراقی کردۆتە گۆرەپانێکی ململانێ لە نێوان هێزە نێو دەوڵەتی و ئیقلیمیەکان، کە ئەوانیش بەهەموو شێوەیەک دەستێوەردان دەکەن بۆ بەرژەوەندی سەرکەوتنی هێزە پاشکۆکانیان.

هەموو ئەو هۆکارانە وا دەکات کە بگەینە دەرئەنجامی ئەوەی هەڵبژاردن لە عێراق گۆڕانکاری ڕیشەیی بەدوای خۆیدا ناهێنی، چونکە دواجار ئەو هەڵبژاردنە هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد نابێت.

**بۆپێشەوە: بەرزی ڕێژەی بەشدارینەکردنی هاوڵاتیان لەهەڵبژاردن، ئاکامەکەی دەبێتە هەڵوەشاندنەوە و دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن؟**

**د.خامۆش عومەر:** لە ڕاستیدا هیچ پێوەرێکی نێودەوڵەتی نییە بۆ کەمترین ڕێژەی بەشداری هاوڵاتیان، هەروەها یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانیش هیچ ڕێژەیەکی بۆ بەشداریکردنی هاوڵاتیان دیاری نەکردووە، لەو چەند هەڵبژاردنەی دوایی عێراقیش تێبینی دەکرێت ڕێژەی بەشداری هاوڵاتیان ڕوو لەکەمیە، بەگوێرەی دەستوری عێراقیش، بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنەکان مافە نەک ئەرک، واتە دەنگدەر ئازادە لەوەی بەشداری بکات یاخود بایکۆتی بکات، بە پێچەوانەی یاسای هەندێک وڵات کە هەڵبژاردن دەکات بە ئەرک نەک ماف، هەربۆیە لە ئەگەری بەشدارینەکردنی زۆرینەی هاوڵاتی لەو حاڵەتەدا دەوڵەت سزای بەسەر دەسەپێنێ، لەو جۆرە وڵاتانە ڕێژەی بەشداریکردن بەرز دەبێتەوە.

بەڵام لەڕووی سیاسی بێگومان کاریگەری هەیە، چونکە حکومەتێک پێکدەهێنرێت کە گوزارشت لە بۆچونی زۆرینەی شەقامی عێراقی ناکات.

ڕەوایەتی دەسەڵاتی سیاسی لەسەر ڕەزامەندی و ملکەچکردنی هاوڵاتیان وەستاوە، لە ڕێگەی یاساوە، ڕەوایەتی هەر دەسەڵاتێک دەپیورێت بە ئاستی ئەو دیموکراتیەی پێی گەیشتووە، ئەوەش لەڕێگەی بەشداری هاوڵاتیان دەبێت جا لە هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی بێت یاخود سەرۆکایەتی.

بۆیە دەبینین ئەگەر ڕێژەیەکی زۆری هاوڵاتیان بەشداری نەکرد، دەبێتە هۆی زۆرینەیەکی لاواز، کە ئەوەش مومکینە ببێتە هۆی پوچەڵکردنەوەی.

بەشدارینەکردنی هاوڵاتیان لەهەندێک لەوڵاتە ڕۆژئاواییەکانیش ڕویداوەو ڕوودەدات، بۆ نمونە ڕێژەی بەشداری هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٤٦ لە ئەمریکا (٦٢٪)، لە ئینگەلتەرا لە ساڵی ١٩١٨ گەیشتە (٥١٪).

**بۆپێشەوە: شێوەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان لە عێراق و کوردستان لە داهاتوو چ جێگە و ڕێگەیەکی نێودەوڵەتی دەبێت و کاریگەری چی دەبێت لەسەر سومعەی سیاسی دەسەڵاتداران و حزبەکان؟**

**د.خامۆش عومەر:** پێویستە هەڵبژاردنەکان بەگوێرەی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان بەڕێوەبچێت، تاوەکو وەسفی هەڵبژاردنی پاک و بێگەردی لەسەر پیادەبکرێت، هەروەها دەبێت یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش هەموار بکرێتەوە، یا یاسایەکی نوێ دابندرێت کە لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکاریەکان هەڵبکات. ئەو یاسایە لە بنەڕەتدا دوو یاسایە لەیەک یاسا کۆکراوەتەوە، یاسای پەرلەمان، و یاسای هەڵبژاردن، هەروەها پێویستە دیراسەیەکی بابەتیانەی لیستی کراوەش بکرێت، لە عێراقیش تازە یاساکە چۆتە بواری جێبەجێکردن، لە کاتی پیادەکردنی بەشێک لەکەم و کوڕیەکانی بەزەقی دەردەکەون، کە جارێکی تر پێویستیان بەهەموارکردنەوە دەبێت.

یاسای هەڵبژاردن یاسایەکی سروشتی و دەستوریە، بۆیە دەبێت بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، نەکرێتە کەرەستەیەک بۆ دوورخستنەوەی بەشێک لەلایەنەکان، چونکە دارشتنی ئەو یاسایە بەتەنها لەلایەن خودی دەسەڵاتدارانەوە ڕەنگە لێکەوتەی خراپی لێبکەوێتەوە، بۆیە دەبێت لە پرۆسەی دارشتنی یاساکە هەموو لایەک بەشداربێت و ڕۆڵ و کاریگەریان هەبێت.



## عەلی محەمەد: بەدیلی هەلبژاردن تێکۆشانی هەرچی زیاترە بۆ تێپەڕاندنی خاڵی لاوازی نارەزایەتیەکان، بۆ بەرینبوون و بەهێزکردنیان، بۆ هاوئاهەنگی زیاتری هەر هەموو ڕابەرو گروپە چالاکە بەشدارەکانی ناو نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان،

# دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووس بەڕێز عەلی محەمەد ئەمین سەبارەت بەهەڵبژادنی پێشوەختە لە عێراق.

**بۆپێشەوە: دەستبردن بۆ هەڵبژاردنی پێش وەختە، لەژێر گوشاری خۆپیشاندانەکانی کۆتایی ساڵی ( ٢٠١٩ ) ناسراو بە خۆپیشاندانەکانی ئۆکتۆبەردایە، یان ویستی سیاسی هێزو قەوارە سیاسیەکانە؟**

**عەلی محەمەد:** دەکرێ بڵێین هەردووکیان، بەڵام هەردووکیان ڕوونکردنەوەی زیاتریان دەوێت. سەرەتا دەڵێم نارەزایەتیەکانی زۆرینەی گەلی عێراق، بەتایبەت خۆپیشاندانەکانی ئۆکتۆبەر، ڕۆڵی کاریگەری هەبوو، بۆ ئەوەی ئەم حیزب و لایەنە سیاسیانە بچنە پای بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردنی پێش وەختەو خۆسازدان بۆ جێبەجێکردنی. دیارە ئەم بڕیارە لەو مەبەستەوە نەدراوە کە هەرچی زووتر هەڵبژاردن سازبدرێت، پارلەمان و حکومەتێک پێکبهێنرێت وەڵام بە داواکاریەکانی خۆپیشاندەران بداتەوە و گرفت و تەنگ و چەڵەمەکانی خەڵکی کەمدەرامەت و ئازادیخواز جێبەجێکرێ. لەوەوە نەهاتووە، کەکارنامەی ئەو حکومەتە چارەسەر یا سنوردانان بێت بۆ بێکاری و هەژاری لەڕادەبەدەر، بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی و بەهەدەردانی سەروەت و سامان، بۆ دەستەبەرکردنی هەلومەرجێکی ئازاد بۆ ڕادەربڕین وفەراهەمکردنی سەرجەم ئازادییە سیاسی و کۆمەلایەتیەکان، بۆ چەککردنی هەموو میلیشیا و هێزو چەکدارە تایەفی و مەزهەبی و پێشێلکەرانی ماف و ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکی نارازی و ستەمدیدە. بەپێچەوانەوە، دەستبردن بۆ هەڵبژاردنی پێش وەختە، بۆ ئەوەیە سیستەمی سیاسی هەرەس نەهێنێ، تا خەڵکێکی نارازی و خۆپیشاندەر فریوبدەن. هیواداربن بە حکومەتێک لەسایەیدا، ماف و داواکاریەکانیان دەستەبەربێت و ژیانێکی ئازادو خۆشگوزەران بەسەربەرن، لەوەوە هاتووە کە ڕێگانەدرێت خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکان هێندەی تر پەرە بسێنێت و گشتگیرتربێت و مەرجەکانی بەرەوپێشچوون و سەرکەوتن دەستەبەرکات و کۆتایی بەدەسەلاتی ئەم ملهوڕانە بهێنێت. دەسەلاتداران ئەوەی لەدەستیانبێ بۆ ڕزگارکردنی خۆیان لە هەرەس، لە کەوتن، لەدەستدانی بەرژەوەندیەکانیان دەیکەن، ئەزموونی چەندساڵە نیشانیدا کەسەرکوت و گرتن و تیرۆر و پەلاماردان دادیان نادات وگفت و بەڵێنەکانی پێشوو چیتر بەهانای درێژەدانی حوکمداری خۆیان ناگات، ئیتر دەبێ ڕێگاو شێوازو گفتی نوێ و تەنانەت ڕووپۆش و ئارایشتی نوێ بەکاربهێنن. بەڵام جەوهەرو سیستەمی حوکمڕانی کەبەندە لەسەر حوکمڕانی کەمینەیەکی ملیاردێرو دزو تالانچی و تەنانەت نەزان و جاهیلیش بەسەر ملیۆنەها خەڵکی ستەمدیدەو ئازادیخواز، هەروەک خۆی بمێنێتەوە، هەڵبژاردنی ئەمجارەش یەک لەو ڕێگا چارانەیە، کەدەسەڵاتدارانی عێراق، بە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکانیشەوە، بەوانەشی کەبە فێڵ یان بەزۆر سوار ملی نارەزایەتیەکان بوون، بەوانەشی کەلەنزیک و دوور پڕوپاگەندەی بۆدەکەن، پەنای بۆ ئەبەن...

دیارە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کەئەم حیزب و خاوەن میلیشیایانە، ئەم تایەفی و مەزهەبیانە، ئەم داردەستی دەوڵەتانی ناوچەو دەوڵەتانی زلهێزانە، چیتر ڕێگاو شێوازە کۆنەکان ناگرنەوە بەر؟ نەخێر ئەمانە، لەتەنیشت ئەم هەنگاوانەشدا، دەست لە تیرۆرو کوشتن و بڕین و پەلامارو تۆمەتبارانکردن هەڵناگرن و لەکات و شوێنی پێویست دا بێ باکانە دەیکەن.....

**بەدیلی هەڵبژاردن لە ئێستادا، دەستگرتنە بە نارەزایەتیە بەرهەق و ڕەواکانی خەڵکی ستەمدیدە، نارەزایەتی خوێندکاران، مامۆستایان، موچەخۆران، کرێکاران، جوتیارانی پەراوێزخراو، خەلکانی بێ خانەو لانە، ڕۆژنامەنووسان و نووسەران و هونەرمەندانی ئازادیخوازو تەنگ پێ هەڵچنراو ...**

**بۆپێشەوە: لایەنە دەرەکیەکان، لەوانە ئەمریکاو تورکیاو ئێران، چ کاریگەریەکیان لەسەر هەڵبژاردنی عێراق هەیە؟**

**عەلی محەمەد:** عێراق لەمێژە بووەتە گۆڕەپانی ململانێی زۆر دەوڵەت و هێزو لایەنی جیهانی و ناوچەیی، شاراوە نییە ئەمریکا هەر لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە، چەند هەوڵیداوە تا ڕژێمێک بێتەسەرکارو بیپارێزێ کەتەواوی بەرژەوەندیە ئابوری و سیاسیەکانی بپارێزێ و لەم نێوەدا چی پێکراوە کردوویەتی، ئێستاش هەر بەو مەبەستە پروپاگەندە بۆ هەڵبژاردنێکی بەناو پاک و پوختە دەکات و هاریکاری هەمەلایەنەی هەموو ئەولایەن و هێزو کەسانەش دەکات کە لەخۆیەوە نزیکن، یاخود لانی کەم دوورن لەسیاسەت و بەرژەوەندی دەوڵەتی ئێران. هاوکات دەشیەوێ وانیشانی بدا کەئەو لەگەڵ قوڵکردنەوەی پرۆسەی دیموکراسی و فەرمانڕەوایی گەلی عێراق و سەربەخۆیی خۆی دایە. دیارە ئەمریکاش لەتارمایی خۆپیشاندەران و خەڵکی نارازی دەترسێت . ناخوازێ ڕۆژان یاساڵانێک بێت، لایەنێکی نەیار بەخۆی یا شۆڕشگێڕانێکی ڕاستەقینە جڵەوی حوکمڕانی لەعێراق دا بگرنەدەست، بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بکەوێتە مەترسیەوە...

دەوڵەتی ئێرانیش، لە چەندین ڕێگاوە، ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، دەستی لە عێراق دایە، بەتایبەت کە چەند هێزو لایەنێکی سیاسی شیعی و تەنانەت کوردیش ملکەچی بڕیارو پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەو دەوڵەتەن. بۆ ئەمەش ئێران کاریکردووەو کاردەکات هەرچی زووترە لایەنگرەکانی زیاتر بالادەستبن و نەیارەکانی زیاتر لاوازبن، هاوکات ئێران هەوڵئەدات لە ڕێگای دۆستەکانیەوە، هەرچی زیاتر تەنگ بە بەرهەڵستکارانی ڕژێمەکەی هەڵچنێ و بەشێوازی جۆراوجۆر سنور بۆ بوون و چالاکیە چەکداری و سیاسیەکانیان دانرێ، ئەوەشمان لە بیر نەچێت کەدەوڵەتی ئێران بۆ کەمکردنەوەی فشاری ئابوری لەسەری و کەمکردنەوەی کاریگەریەکانی گەمارۆ، سودێکی زۆری لە عێراق و کوردستان بینیوەو دەخوازێ ئەم هەلومەرجە نەک هەر کۆتایی نەیەت، بەڵکو زەمینەی زیاتری بۆ بڕەخسیت و ئامانجی دەستێوەردانەکانی مسۆگەرتربێ.

دەوڵەتی تورکیاش، بەهەمان شێوە، وێرای هەوڵەکانی بۆ بەدیهاتنی خەونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، داگیرکردنەوەی ڕووبەرێکی فراوان لە زەوی و ملکەچپێکردنی گەلەکانیان، هەوڵئەدا ڕێگای دەستێوەردانی بۆ ئاسانتربێ، لە دەستوەشاندن لەبەرهەڵستکارەکانی، بەپلەی یەکەم پکک، هەروەها پاراستنی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی ئێستاو داهاتووی، بۆ تێپەڕاندنی ئەو قەیرانە ئابوری و سیاسی و گۆشەگیریەی کە هەرئێستا ڕژێمی تورکیا پێوەی گرفتارە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هەمووان کۆکن لەسەر ئەوەی کە یەککگرتوویی ئەم پێکهاتە ئیفلیجەی قەوارەی عێراق پارێزراوبێت، لەم نێوەدا حکومەتی هەرێمیش هەرچی زیاتر لاوازو کەمدەست و پەراوێزخراوو هەردەم چاولەدەستبێ...

**بۆپێشەوە: دەکرێ لەژێر سایەی نائەمنی هێزی چەکدارو بەخشینەوەی پارەو دەستێوەردانی دەرەکیدا، هەڵبژاردنی لانی کەمی بێ ساختەو تەزویر بەڕێوە بچێت؟**

**عەلی محەمەد:** ئەگەر قەراربێت هەڵبژاردن شتیک لەبارودۆخەکە بگۆڕێت، ئەگەر تەنها بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی پلەو پایەو پۆست و پول و پارەو سامان نەبێت، یاوەک دەوترێت بێ ساختە و تەزویر بەڕێوە بچێت، دەبوو پێشوەختە سنورێک بۆ دەستێوەردانە دەرەکیەکان دابنرایە، دەبوو زیندانە سیاسی و دەستبەسەرکراوەکان هەر هەموو ئازادکرانایە، دەبوو چەکدارە یاسایی و نایاساییەکان، لەجیاتی پێشێلکردنی مافی هاوڵاتیان، لە جیاتی هەڕەشەو گوڕەشە، لە خزمەتی باش بەڕێوەچوونی پرۆسەکەدا بوونایە، بەڵام وەک پێشتر ئاماژەم پێدا؛ هەموان بەشدارن لە هاتنەکایەی ئەم بارودۆخە مەینەتبارەدا، هیچ یەک لەلایەنە ناوخۆیی و دەرەکیەکان جێگای متمانەنین، بەڵکو نموونەی هێزی پێشێلکاری ماف و گەندەڵی و تاوان و ساختەکارین، چاوەڕوانی ئەوەیان لێ ناکرێ کە ئەم پرۆسە بەناو دیموکراسیە بەبێ ساختە و تەزویر بەڕێوە بچێ، و ئەگەر تارادەیەکیش، کەمن بڕوام بەمەنییە، توانرا شتێک تەجاوزی ئەم ساختەو دزی و گزیانە بکرێ، ئەوا دوائەنجامی هەڵبژاردن هەر بەقازانجی ستەمکاران دەکەوێتەوەو دەشێ شتێک دەم و چاوەکان بگۆڕێن، ئەگەر نەشکەوتەوە، ئاساییە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان عێراق بکەنەوە بە گۆمی خوێن، هەروەک لە مێژووی دوورو نزیکدا چەندین جار کردوویانە...

**بۆپێشەوە: ئایا بەشدارینەکردنی هاوڵاتیان لە هەڵبژاردن چ کاریگەریەکی لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنەکان و هەل و مەرجی سیاسی دەبێت؟**

**عەلی محەمەد:** بەمتمانەکردنە سەر ئەو ڕاستیانەی سەرەوە کە ئاماژەمان پێکرد و بەوەی یاریچیانی ئەم گەمە چەواشەکارانە بەناو دیموکراسیە زۆر ڕوون و ئاشکران و لەگەندەڵی و دزی و تاوان و گێرە شێوێنی و شەڕی بەوەکالەت... تێوەگلاون، بەشدارینەکردنی هاوڵاتیان مانای دەبێت، بەڕای من ئەم بەشدارینەکردنە، زۆر بەرین و فراوانە کە نزیک بە (٧٠ ٪ ) ئەو هاوڵاتیانە دەبێتەوە کە مافی دەنگدانیان هەیە، ئەگەرچی پرۆسەکە ڕاناگرێ، بەڵام پەیامێکی توندو بەهێزی خەڵک ڕادەگەیەنێت کە ناوەرۆکەکەی ئەمەیە: زۆرینەی گەلی عێراق متمانەی بەهەڵبژاردن و لایەنە سەرەکیەکانی بەشداربووانی دەسەڵات و تەنانەت بەناو ئۆپۆزسیۆنیش نییە، بەشدارینەکردن، مانای فریونەخواردنە بەنمایشی چەواشەکارانەی هەڵبژاردن و بەردەوامیە لەسەر نارەزایەتی و خۆپیشاندانە جەماوەریەکان...

**بۆپێشەوە: بەدیلی هەڵبژاردنەکان چییە؟ ئەگەر خەڵک بەشداری هەڵبژاردنەکان نەکات، ئەی چی بکات؟**

**عەلی محەمەد:** بەدیلی هەڵبژاردن لە ئێستادا، دەستگرتنە بە نارەزایەتیە بەرهەق و ڕەواکانی خەڵکی ستەمدیدە، نارەزایەتی خوێندکاران، مامۆستایان، موچەخۆران، کرێکاران، جوتیارانی پەراوێزخراو، خەلکانی بێ خانەو لانە، ڕۆژنامەنووسان و نووسەران و هونەرمەندانی ئازادیخوازو تەنگ پێ هەڵچنراو، هەموو ئەوانەی قوربانی دەستی تاوانی ڕژێمە لەدوای یەکەکانی عێراقن، بە ئێستاشەوە، بەدیلی هەلبژاردن تێکۆشانی هەرچی زیاترە بۆ تێپەڕاندنی خاڵی لاوازی نارەزایەتیەکان، بۆ بەرینبوون و بەهێزکردنیان، بۆ هاوئاهەنگی زیاتری هەر هەموو ڕابەرو گروپە چالاکە بەشدارەکانی ناو نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان، و تەریککردن و لاوازکردنی هەموو ئەم سەماکارە سیاسیانەی ئێستایە کە هەر هەموو خەم و هەمیان پاراستنی دەسەڵات و بەرژەوەندی خۆیان و ئاغاکانیانە، و ئەوەش بە زۆرگرنگ دەزانم کە پێویستە ماوە نەدرێت بەهیچ لایەن و دەستەو تاقم و کەسێک نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان بەمەبەستی بەدیهێنانی مەرامە تایبەتەکانی خۆیان بەلاڕێدا بەرێت.

## درێژەی...هێزی بایکۆتی هەڵبژاردن، با بکەینە هێزی ڕاماڵینی دەسەڵاتی حزەکان...

و سەرجەم گرووپ و ڕێکخروەکانی تر کەخۆیان لەچوارچێوەی بەرنامەی کۆمۆنیستی دا دەبینەوە) کاری لەسەربکەن ڕێکخستنی نارەزایەتییەکانی خەڵکی نارازییە لەناو بزووتنەوەیەکی جەماوەری شورایدا کە ئامانجی ڕووخان و ڕاماڵینی دەسەڵاتی دزو گەندەڵکاران بێت لەعێراق وکوردستان. ئەرکی ئەم هێزە کۆمۆنیستانەیە هەنگاوی جدی بنێن بۆ ئەنجامدانی هەڵسوڕانی شۆڕگێڕی لەگەرەک وشەقام و شاروشارۆچکەکان لەدژی سیستەم ودەسەڵاتی کۆنەخوازو چەوسێنەر لەکوردستان وعێراق بەرەو ڕاپەرین و هەنگاوی ڕاماڵینی دزو گەندەڵکارو چەوسێنەران هەنگاوبنێن شان بەشانی جەماوەری نارازی لەکوردستان وعێراق.

چەم و ڕووباری تێکۆشانەکان بکەنە یەک لافاو بۆ ڕاماڵین و ڕووخانی دەسەڵاتی زاڵم وچەووسێنەران.

لەمێژوویی مرۆڤایەتیدا دوو جۆری جیاواز لە هەڵبژاردنی بەخۆیەوە بینیوە، کە هەردوو جۆرەکە هەریەکەیان بەرژەوەندی و سوودی بۆ چینێکی تایبەتمەند لەخەڵک پاراستووە.

جۆری یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانییە کە زیاتر بۆ سوود وبەرژەوەندی دەسەڵاتداران بووە، کەسانی وەکو هیتلەرو سەدام وخومەینی و ئوردوگان خویان تێدا هەڵبژاردووە ماونەتەوە لەدەسەڵاتیان. ئەبێت ئەوەبزاندرێت کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی زیاتر بۆ پاراستنی دەسەڵاتی سەرمایەدارییە، ئیتر ئەمە بە لیبرالیست و ئیسلامی و مەسیحی و شیوعی و سیکۆلارەوە هەرچی بەشداربێت دەبێت بەرژەوەندی و سوودی سەرمایەی دەسەڵاتداران بپارێزێت لەسەرحیسابی چینی چەوساوەکەی کۆمەڵگە کەچینی کرێکاران وزەحمەتکێشانە. ناکرێت چیتر خۆ گێل بکەین لەواقیع دا ئەگەر بەردەوام کتێبەکانی مارکس ولینین و گیڤارا وئەنگلیس بخوێندرێتەوە، بەڵام نەتوانین ئاراستەی کۆمەڵگە بۆبەرژەوەندی چینی کرێکار وزەحمەتکێشی کۆمەڵگە وەربچەرخێنین سوودی خوێندنەوەی کتێبەکان هیچ نییە. جگە لەخۆ فریودان نەبێت. لەگەڵ هاتنەکایەوەی شۆڕشی چەوساوەکانی فەرەنسا لەساڵی ١٨٧٠-١٨٧١ کەناسێندرا بە کۆمۆنی پاریس و توانیان شێوازێکی جوان لەئیدارەدانێکی ئینسانی بنیادبنێن ئەویش بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لەڕێگای ئیدارەدانی شوراکانەوە، کە جۆرێک بوو لەحکومەتێکی هەرەوەزکاری و هاوپشتی خەڵکی کۆمەڵگە. ئەم جۆرە هەڵبژاردنە هەڵبژاردنی نا حیزبیە ڕاستەوخۆ لە ئیدارە ناوخۆییەکاندا، هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ لە هەموو بازنەیەکی شاردا لە شارەوانیەکاندا، لە فەرمانگەکاندا، لە دادگاکاندا. ئەمانە بەرپرس بوون لەڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵ و دابینکردنی پێداویستیە ئینسانیەکاندا و هەرکاتیش پێویست بوایە لەو بەرپرسیارێتیە دادەماڵران. کەواتە ئەڵتەرناتیڤی ئینسانی شورایی ڕاستەوخۆ پشت بە ئیرادە ودەسەڵاتی خەڵک دەبەستێت بەمانایەکی ڕوونتر خودی ئیدارەدانی کۆمەڵگەیە ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە. بەڵام دەسەڵاتی پەرلەمان یاسای پەیوەندیی چینە جیاوازەکان و دەوڵەمەند و هەژار دادەنێت، ئەمە لەکاتێکا کۆمەڵگە پێویستی بە ئیدارەیەکە شەونخونی بکێشێت بەدیار پێداویستیە ئینسانی و کۆمەڵایەتیەکانیەوە. ئەوەی لەمێژوویی پەرلەمانی کوردستان وعێراق وئێران وتورکیا دەرکەوتووە زیاتر شەونخونی بۆ پارەکۆکردنەوە وسەرمایەداربوونی خۆیان وحیزبەکان دەکێشن یاساکان لەبەرژەوەندی پلەباڵاکانی دەسەڵات دادەنێن، هەربۆیەشە بەردەوام ئەو یاسایانە دادەنێن وجێبەجێ دەکەن کە باج وسەران زیاتر دەکەوێتە سەر شانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش، هیچ باکیشیان لەگەشەی بێکاری وهەژاری وبرسێتی نییە. کەوایە ئەگەر دەمانەوێت کۆمەڵگەیەکی باشترو ئاسوودە بەدی بهێنین، پێویستە خەباتێکی باشتری یەکگرتووانە بۆ ڕا ماڵینی دزو گەندەڵکاران گەشە پێبدەین ئەوەش پێش هەمووکەس ئەرکی دەست بەجێی حیزب و ڕێکخراوە کۆمۆنیست وشیوعییەکانە کە وەک بڵێسەی ئاگر کورەی شۆڕشی سۆشیالیزم بۆ ڕزگاری چەوساوەکانی کۆمەڵگە گەرم بکەن بەخەباتی جەماوەری وشۆڕشگێڕانەیان. لەناو کۆمەڵگەدا دەگوترێت پارتە کۆمۆنیست وشیوعییەکان زۆرجوان قسەدەکەن هەرچەندە قسەکردن زۆر ئاسانترە لەکاری کرداری وشۆڕشگێڕانە، ئەوەی ڕاستبێت کۆمۆنیست بوون واتە بانگەواز بۆ وشیاری و ئەنجامدانی کاری شۆڕشگێڕانە دێت، لەئێستاشدا لەکوردستان تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە زۆر زۆر لاوزە و نابیندرێت، هەروەها بانگەوازەکە کەم تا کورتێک هەیە هەرچەندە ئەویش بەجۆرێکی دروست نابیندرێت، چونکە زیاتر بانگەوازی پۆپۆلیستی و مەحفەلیزمی زاڵە لەناو حیزب وگرووپە کۆمۆنیست و شیوعییەکاندا کە کەمتر گرینگی بەهاوخەباتی و یەکگرتووانەی هێزە چەپ وکۆمۆنیست وشیوعییەکان دەدرێت. کەوایە ڕێگاچارە گەرمکردنی کورەی خەباتی شۆڕشگێڕییە بەرزکردنەوەی ئاڵای تێکۆشانی سۆشیالیزمە کە جەسوورانە ودڵسۆزانە هاوپشتی وهاوخەباتی شۆڕشگێڕانەی هەموو ئەوانەی کە لەدژی چەوسانەوەو بێکاری و هەژاری و نایەکسانی دێنەمەیدان لەیەک بزووتنەوەی جەماوەریدا خۆیان ڕێکخراو بکەن ئەم هێزە لەناو ئەنجومەن و شورایی شۆڕشگێڕی دا بەیەکگرتوویی بەرەو سەرجەم یاسا و دەسەڵات و تەواوی سیستەمی کۆنەخوازو چەوسێنەردا بچێتەوە. ئەم هێزە بکرێتە هێزی ڕاماڵینی گەندەڵکارو دزو چەوسێنەران دواتر خەڵک خۆیان لەڕێگای شوراکانی گەڕەک و ناوەندەکانی دێهات و شارەکانەوە حکومەتی شورایی خۆیان دامەزرێنن، لەهەمان کاتیشدا خەڵک خۆی چاودێرێکی ڕاستەوخۆ بێت بەسەر سەرجەم کاروبارەکانی ئیداری وبەڕێوەبردن ودیبلۆماسی دا...

## درێژەی دوا وتە

فەرمی ناسراوی نێو دەوڵەتی.

لەهەلومەرجی ئێستای عێراقدا، کەدەسەڵاتی سیاسی لەدەستی چەند حزبێکی میلیشیایی و نۆکەرپیشەدایە، کە لەسەر بنەمای قەومی و تایفی و مەزهەبی دامەزراون و باسی مافی هاوڵاتی یەکسان و کوێرکردنەوەی ناسنامە قەومی و دینی وتایفییەکان، بەتایبەتیش بە فەرمی ناسینی مافی هاوڵاتی یەکسان بۆ هاوڵاتیانی عێراق بەبێ جیاوازی لە وەهم وەهمترە. دیارە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیش دوورو نزیک بەدوای چارەسەری سیاسی خەڵکی کوردستانەوە نین و نەبوون. بەدرێژایی مێژووی بزوتنەوەی کوردایەتی، حزبەکان و رابەرانی ئەم بزوتنەوەیە، بەدوای بەشداری لەدەسەڵاتی ناوەندیدا بوون و نوێنەری چینەداراکان و بۆرژوازی کورد بوون، کە بەرژەوەندی خۆیان بە تیکەڵکردن لەگەڵ بۆرژوازی سەراسەری و عێراقیدا بینیوەتەوە، هەر ئەوەشە وای کردووە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی ببنە کۆسپی بەردەم چارەسەری پرسی سیاسی خەلکی کوردسان و قولکردنەوە و ئالۆزکردنی کێشەی نەتەوەیی و دنەدانی قڵشت و جیاکاری نەتەوەیی و پەرەپێدانی تا رادەی خستنەوەی دوژمنایەتی لەنێوان دانیشتوانی عێراق... خودی فیدرالیزمی قەومی بەخشینی چوارچێوەی یاسایی بوو بەو قڵشت و جیاکارییە و بەردەوامی پێ بەخشینی.

دیارە لەوکاتەوەی دەوڵەتی عێراق پێکهاتووە، هەمیشە کەسانی کورد زمان پۆستی جیاجیان لە عێراقدا هەبووە، هەرگیزیش ئەمە بەمانای نوێنەرایەتی خەلکی کوردستان و مافەکانی نەبووە. لەدوای روخاندنی دەسەڵاتی بەعسیشەوە کە زیاتر لە دەیەو نیوێکە، دیسان حزبە کوردیەکان چەندین پۆستیان لە وەزارەتخانەکان و دەیان کورسیشیان لە پەرلەماندا هەبووە، سەرۆک کۆمار کورد بووە، کەچی هیچکام لەوانە نەک نەبوونەتە رێگا و هۆکارێک بۆ بەرگری لە خواست و ویستەکانی خەلکی کوردستان و نوێنەرایەتی کردنی پرسی سیاسی، بەڵکو تا هاتووە پرسی سیاسی خەلکی کوردستانیان بە بارمتە گرتووە بۆ ئامانجەکانی خۆیان، کە بەشداربوون بووە لە دزی وتاڵانی داهاتی عێراق بۆ خۆیان و بۆ حزبەکانیان، هاوکات رەوایەتی و درێژەدان بەدەسەڵاتی رەشی بەزۆر داسەپاویان بەسەر خەڵکی کوردستاندا پێ پاساو داوە. تا هاتووشە پێگەی هەرێمی کوردستانیان بەرەو لاوازی پەلکێش کردووەو هیچ ئاییندەیەکی دیار و رۆشنیشیان بۆ ئایننده سیاسیەکەی نییە، بەپێچەوانەوە گەورەو بچوکی سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی و نووسەرانیان، پێداگری لەسەر زۆر بوونی مەترسییەکان تا رادەی لە بەین چوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان، دەکەن.

حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی دەسەڵات، ئەگەر بودجەو مانگانە ٢٠٠ ملیار دیناریان لە کاتی خۆیدا بۆ بنێرن، نەک باسێک لەسەر پرسی سیاسی خەڵکی کوردستان و ناوچەی کێشە لەسەر و ئاساییکردنەوەی کەرکوک ناکەن، بەڵکو ئامادەن هەر هێز ولایەنێک باسی چارەسەری پرسی سیاسی کوردسانی کرد و رێگاچارەو پراکتیکی بۆی خستە دەستورەوە، هیرش بکەنەسەری. لەوەش زیاتر ئامادەن مەئموریەتی سەرکوتی بزوتنەوەی دژی ستەمی نەتەوایەتی لە پارچەکانی تری کوردستانیشدا بگرنە ئەستۆ.

حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و کاندیداکانیان دوور ونزیک نوینەرایەتی پرس و خواستە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و کیشەی سیاسی خەلکی کوردستان ناکەن... ئەمانە نوێنەری حزبەکانی بۆژوازی کوردو کۆمەڵیک سەرمایەدارن کە دەیانەوێت بەخۆ هەڵواسین بە پرسی رەوای خەڵکی کوردستانەوە، ئامانجەکانی بۆرژوازی کورد بەدی بێنن، کە شەریک بوونە لەگەڵ رەوتە سیاسی وبۆژوازییە رەنگاو رەنگە قەومی و تایفی و دینی و مەزهەبیە کۆنەپەرستەکانی عێراقدا، لە پێناو پۆست و داهات و بەش پێبڕان بە دزی و تاڵانی. بیگومان وەڵامی کارساز بە پرسی سیاسی خەلکی کوردستان و کێشەی کورد، بەرە لە ژێر پێی بزوتنەوەی کوردایەتی دەردەکێشێت و تەکان و پێشرەویش دەبەخشێت بە بزوتنەوەی کرێکاری و جەماوەری.

خەڵکی کوردستان نابێت فریوی بانگەشەی درۆزنانەی حزبەکانی بزوتنەوەی بۆرژوازی کورد بخۆن... چۆن رەتکرنەوەی دەنگدان و ریسواکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن بە هۆکاری زۆر سادەی سەرکوت و بیمافی ودزی و تاڵانی و نۆکەرپیشەیی لە کوردستاندا، خەریکە دەبێتە نەریتێک لە درێژەی بزوتنەوەی نارەزایەتیدا بۆ راماڵینی دەسەڵات، ئاواش ریسواکردنی دەسەڵات و دەنگ نەدان و بەشکست کیشانی هەڵبژاردن و کاندیداکانیان بەهۆکاری ئەوە لە بەغدا خەریکن مامەڵە بە پرسی سیاسی خەڵکی کوردستانەوە دەکەن، دەبێتە تەواوکەری ئەو بزوتنەوەیەی کە لەهیچ ئاستێکدا خەڵکی کوردستان متمانەیان بەو دەسەڵات و هێزانە نییە و لەپەیوەند بەهیچ کەیسێکیشەوە، نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان ناکەن و ژیان و مانەوەیان لەسەر بنەمای سەرکوت و بیمافی و نۆکەرپیشەیی و کۆسپ خستنە سەر ریگای چارەسەری پرسی کوردە.

دیارە چارەسەری پرسی نەتەوەیی چ لە کوردستان و چ لە هەرگۆشەیەکی دنیادا، لە توانای بزوتنەوە بۆرژوازییەکاندا نییە و وەڵامی ئەو پرسە کەوتۆتە سەرشانی چینی کرێکار و هیزە چەپ و کۆمۆنیستەکان.

**تیبینی: ئەم بابەتە لە ئۆکتۆبەری ژمارە ٢٠ بڵاوکراوەتەوە**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
حەسەن ڕازانی، ئاراس ڕەشید، عەبدوڵا مەحمود، هیوا ساڵح، کاوان قادر،جەمال نوری،عبدالرحمن ڕەسوڵ، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، خالید بایەزیدی،هەتاو عەبدوڵاهی،حەکیم میرزا، دەریا عوسمان پور...

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق "

## چەند شیعری/ خالید بایەزیدی (دلیر)




کرێکارێک
لە قرچە قرچی هاوین
ئیشی دەکرد
وە سەرمایەدارێکیش
لە گازینۆیەک
تنووک...
تنووک...
ئارەقی ڕژاوی
کرێکارەکەی دەدۆڕاند
.................................
ئامێرەکان
مانیان گرتبوو
دەیان وت:
چی ترنامان هەوێت

کرێکاران
لە ژێردەست وپێمان
بچەوسێنەوە
نان... ئازادی ... بەرابەری
.................................
باوکم هەموو شەوێک
لە ژماردنی نەبوونییەکانی
خەوی لێ دەکەوت...
وەکازیووەی بەری بەیانیش
جەستەی ماندوو وە هیلاکی
تاکوو سەرئێشەکەی
ڕاکیش ڕاکیش هەڵدەگرت
تاکوو شەو درەنگان
بۆ پاروویە نان
دەمرد و دەمرد

وە هەموو ئاواتەکانی
بە گڕی باوبوران و هەور دەسپارد
.................................
کاتێک کە تۆ ڕویشتی
وەک باڵندەیەک
لەناو قەفەس
بەپەلە بووم
بۆ هەڵفرین
.................................
کراسی ژیان
تەنیا و تەنیا
بۆ بەری من
بچوک بوو
.................................
شەوێک لە شەوان

شیعرێک لە دایک بوو
تەنافی دارێکیش هەڵواسرا
ئەوکات زانیم
شیعری باش
لەسەر پەتی سێدارە
لە دایک دەبێ
.................................
کاتێک شەو کوتایی هات
بە کوترەکەی
»پیکا سو« دەڵێم
چ شەوانێک
تا کازیووەی بەری بەیان
خەونی ئاشتی و برایەتیمان
دەدیت
..........

## دوو بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح






## دوا وتە

## هەڵبژاردنەکان و پرسی کورد...

### نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

لەگەڵ دەسپێکی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان، و وەڕێخستنی ماشینی تەبلیغاتی و هەمە چەشنەدا، جارێکی تر پرسی نەتەوەیی و کێشەی سیاسی خەڵکی کوردستان، لەلایەن حزب و لایەنە سیاسییە بۆرژوازییەکانی کوردەوە، بەتایبەتیش یەکێتی و پارتیەوە بەدەستەوە گیراوە.



چ یەکێتی و چ پارتی بەشێوەی تۆختر و چڕتر، لەباس و وەسفی گرنگی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە ئەم هەڵبژاردنە بۆ پێگەی کورد چارەنووسازە، دەڵێن ئەم هەڵبژاردنە بۆ پەرلەمانی عیراقە و چەندە کورسیەکانی کورد لە پەرلەمانی عیراقدا زۆرتر بێت، بەسودی پرسی نەتەوەیی و خەڵکی کوردستانە و دەتوانرێت لە ڕێگایەوە بەرگری لە دەستکەوتەکانی کورد بکرێت، کە لەدەستوردا!! جێگیر کراوە.

دیارە بەدەستەوە گرتنی کەیسی سیاسی خەڵکی کوردستان و پرسێکی چارەسەنەکراوی وەکو کێشەی کورد، لەلایەن بزوتنەوەی بۆرژوازی کورد و حزبەکانیەوە، لەلایەکەوە بۆ ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان بەو پرسە رابکێشنە پای سندوقەکانی دەنگدان. دەزانن خەڵکی کوردستان بەشداری هەڵبژاردنەکان ناکەن و هیچ متمانەیەکیان بە حزبەکان نەماوە، بۆیە دەیانەوێت لەو ڕێگایەوە و بە بزواندنی هەست و نەستی نەتەوەیی و خستنە رووی مێژووی ستەمی دەیان ساڵەی ستەمی نەتەوەیی، خەڵکی کوردستان رابکێشنە پای سندوقەکانی دەنگدان. لەلایەکی تریشەوە پرسی سیاسی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان هێشتا وەڵامێکی کارسازی وەرنەگرتووە و بەشێوەیەکی هەڵواسراو لە کایەی سیاسی نێوان ناوەند و هەرێمدا، جێگای مامەڵەیە بۆ ئامانجی تر. هاوکاتیش هێشتا پرسی ئاییندەی سیاسی کوردستان بەرەوکوێ دەچێت و چی بەسەر دێت، پرسێکی زیندووە. پرسێکە هاوتای کێشەی فەلەستین تا بەچارەسەری شیاو نەگات، ناوچەکە ناتوانێت ئارامی بەخۆیەوە ببینێت...

بۆرژوازی کورد و حزبەکانی، چارەسەری پرسی سیاسی خەڵکی کوردستان، دەبەستنەوە بە رێژەی کورسیەکانی کورد لە پەرلەمان و بەبوونی چەند وەزیرو پۆستێک لە بەغدا، لەکاتێکدا پرسی سیاسی خەڵکی کوردستان لەدوو ڕیگا زیاتری لەبەردەمدا نییە، یان بوونەوە بەبەشێک لە عێراق، کە دەسەڵات و سیستەمی سیاسی مافی هاوڵاتی بوونی یەکسان بۆ سەرجەم دانیشتوانی عیراق بەبێ گوێدان بە ناسنامەی قەومی بەرەسمی بناسێت، یان کوردستان جیاببێتەوە و ببێتە وڵاتێکی بە

بۆ لاپەڕە 14